فەلسەفەی ئیسلامی پارادیگمایەکی نوێ ئیبن سینا- ئولریش ەودلف.. کاوە جەلال لە ئەمانییەوە

سەرباری ئەو بایەخە زۆرە کە لە نیوەی سەدەی دەیەمەوە لەنێو هزرپەگەیشتووان و ئەدیباندا بە فەلسەفە دراوە، هەشتا هەر پەگەکەی لە جڤاکی ئیسلامیدا پتەو نەکرا بوو. ئاخر هیچ کام لەو نووسرانە کە لەم کاتەدا تەکستی فەلسەفەیی دەنووسی، نەیتوانی بەوا بە خوێنەرانی فراوانتر و بەتایبەتیش بە زانایانی ئایین بهێنێت کە هزرینەکانی ئەو پەویستن بە گەڕان بەدووی ڕاستی و گەیشتندا بە بەختیاریی مرۆڤ. چیدی لایەنگرانی کندی نەیان دەتوانی ئەمە بسەلمێنن (ئەوە بگومان گەر بگشتی لەو بەوایدا بووبێتن کە فەلسەفە نەشیاوی دەستبەردارییە)؛ کاریگەریی ئەوان – نووسینە بەناوبانگەکەی میسکاویی لەبارەی ئەتیک لەدەربچێت – ئەستا لە باکوری خۆرهەڵاتی ئێران بوو. هەروەها نەدەکرا ئیسمائیلییەکان بە هەڵگری بزاوتێکی فەلسەفەیی دابنرێن. گەرچی ئەمان لە زەر ناوچەی جیهانی ئیسلامیدا لایەنگرانیان بەدەستهێنا، وەلێ لەبەر ئەوەی هەبازێکیان بەزەریی قەرزی لە فەلسەفە وەرگرتبوو، ئەوا فەلسەفە لە چاوی زەرینەی موسڵمانانی سوننیدا جێی گومان بوو. تەنانەت پاشەوارانی فارابی نەیانتوانی لەنەو بەشە فراوانەکانی جڤاکدا شکۆفە بە گرنگیدانێکی بەردەوام بە زانستەکیان بدەن. بگومان ئەوان لە بەغداد کاریان دەکرد و دیراسەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا ئەنجام دەدا، وەلێ بابەتی لەهزرینیان فەلسەفە نەبوو وەک سەرجەم یان هیچ نەبێت سەرجەمی ئەو بەرنامەیە بووایە کە فارابی خستبوویە بەردەست، بەکەو چەند پرسیارێکی تایبەتی بوون (وەک گەتمان بەتایبەتی لە کایەکانی لۆگیک و فیزیکدا)، کە بەتایبەتی پەیوەند بە پەلهاویشتنی تراديسیۆنەکەی ئەیستەتلیسەوە دانوستانیان دەکردن نێک لە خەریکبووندا بە ئالنگاریيە هزرییەکانی سەردەمەوە. جگە لەوە ئێستا توانرا هەندێک پرسیاری بەخنەیی ئاڕاستەی خودی مەدلەکەی فارابی بکرێت. گەرچی ئەو داوای کردبوو کە گەرەکە هەروەها و بەتایبەتیش لە ژینگەیەکی ئیسلامیدا خۆ بە فەلسەفەوە خەریک بکرێت، وەلێ ئەم داواکارییەی بە گەتەی ئەوتەوە گرەدابوو کە

لای هەندێک خوێنەری موسڵمان بەزەری سەرلێشێواندا خستووە.

بە نموونە ئەو قورسایییە زۆرە کە فارابی لە پرسیاری خۆاسی ئایینیدی مرۆڤدا خستبوویە ئەستۆی دەوڵەت و بۆتایبەتیش دامەزرێنەری دەوڵەت، کەشاوی بوو. ئەمش بووەدا ئاشکرا دەبوو کە ئەو لە فەلسەفەی سیاسیدا پێڕەوی میراتگری پلاتۆنی دەکرد. وەلێ مرۆ لێرەدا دەیتوانی لە خۆی بپرسێت کە داخۆ کۆنسێپتێکی بەم چەشنە لە سەردەمێکدا، کە جیهانی ئیسلامی هەمیشە ناسەقامگیرتر دەبوو و دەخزایە ژێر کاریگەریی میرانی ناوچەیی و سەردارانی جەنگاوەر، بتوانێت لە لایەنی خۆیەوە رێگەیەکی دروست بۆ تێگەیشتن لە ژیان بگرێت (مەگەر مرۆ ئەم سووربوونەی لەسەر واتای دەوڵەت بە ڕەخنەی دەسەڵاتداری یان بۆ یوتۆپیا دابنایە). نەخێر، کەشێک پێیوەند بە فارابییەوە ئەوە بوو کە چەند کەم ئەو بایەخی بە مێتافیزیک (چۆنێتێلگی و چۆنیەتیلگی) و پرسیار سەبارەت بە تاکی مرۆڤ (کە وەک باو بوو لەنێو چەوەی دەروونناسیدا کاری تێدا دەکرا) دابوو. ئەو پێیوەست بە بابەتی یەکەمەوە مەدلێکی گەردوونناسیانەی خستەبەردەست، وەلێ ئەم مەدلێ بەدگمەن بە ڕەبازی ئیسلامییانەی ئافراندن دەگونجا. هەروەها فارابی، پێیوەست بە بابەتی دووەمەوە، شرۆڤەیەکی وردی زەینی ئەنجام دا، وەلێ ئەم شرۆڤەیە، وەک پێشتر گەتمان، بەو ڕادەیەوە ڕەزایەتیی پێدرا کە هەی بەختیاریی مرۆڤی هزرڤانی نەدەگەیاندەوە بە مەئریفەی تاکەکەسی (یان نەک تەنیا بە ئەم مەئریفەیە)، بەڵکو دەیگەیاندەوە بە تەواوینەن و باوەڕکراوییەکەی خودی دامەزرێنەری یان ڕەبەری دەوڵەت. جگە لەوە پرسێکی دیکە لەگەڵی بوو: فارابی ڕیشەیانە فەلسەفەی گشتگیر و ئایینی یان تێلگی ی بەشکی (پارتیکولار)ی جووداڵ یەک دانا، وەلێ دەشیا گومان بکرێت کە داخۆ ئەم جیاکردنەوەیە بەڕاستی ئامانجی خۆی بەهەنگاوەت. بەگومان گرێک بوو جیاکردنەوەکە تایبەتمەندیی زانستی فەلسەفەیی پێشان بدات و مێتدیانە داواکارییەکەی بە چواندنی گشتگیری خۆی مسۆگەر بکات، وەلێ کۆنسێپتەکە لەوشاوییەکی لە فەلسەفە کردەوە لەبریی ئەوەی بەڕاستی بیسەلمێنێت. ئاخر جیاکردنەوەکە ئەو سەرئەنجامەی هەنا کە فەلسەفە، سەرباری داواکارییەکەی بە گشتگیری و هەروەها بە ڕوونکردنەوەی گشتگیری سەرجەم فەنامەنەکان، بەدگمەن هەندێک کایەی کردەکێتی بەهەند وەردەگرت کە بۆتایبەتی بە ئیمانداران گرنگ بوون. ئەمە لە پرسیاری پێیامهێنیدا خویا بوو کە فارابی تەنیا لە ڕوانگەیەکی سنووورداری سیاسییەوە لەی دەڕوانی، ئەمە هەروەها لە بابەتی دیکەدا بەردەوامیی پێدرا (وەک: سروش، ئەزموونکردنی خودا،

ئەزموونکردنی بەکەوتی/ شیمانەیی بوون، بەرپرسیاریی کەسیی لە بەردەم خودادا). ئەم بابەتانە لای ئەو نزیکەی وەلاوەنرابوون.

هیچ کەس هێندە ڕۆشن وەک ئەبو ئەلی ئیبن سینا (نزیکەی 980-1037، ئاڤیسینای چەرخی ناڤینی لاتینی) ئەو کەماسانەی دەستنیشان نەکرد، پاشان هەنگاوی نا بۆ ئەوەی جارێکی دی بنەماییانە پرسیارەکە سەبارەت بە ئەرک و شیمانەکانی فەلسەفە بکاتەوە، ئەمشی بۆ چەشنێک بەجێگەیاند کە ئیدی مەرکی خۆی دا لە سەرجەم هەوڵ و خەریکبوونەکان بەم بابەتەوە. بەگومان ئیبن سینا توانای بە ئەنجامدانی ئەم کارە سەختە هەبوو، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ پەروەردە یەکجار فراوانە فەرگەیەکەی پێکهاتە لەتەک توانستی تێگەیشتنیدا کە تەنانەت هاوچەرخانی پێی هەشسام بوون. گەر باوەڕ بە ئەتەبیگرافیەکەی بکەین، ئەوا دەتوانین ببڕژێن کە لای ئەو هەردوو توانستەکە لە سەرەتای لاوێتییەوە دیاریان دا، ئەویش کاتێک ئەو لە بوخارا دەژیا و لەوە بە خوێندنی بەرفراوانەوە خەریک بوو، لەم ڕەوتەشدا بە کورتترین کات لە ئاستی سەرجەم فەرکارانی تێپەڕی. وەلە ئەو درەنگتریش، کاتێک بەهەی پشتویێ سیاسییەکانەوە بەناچاری ژیانێکی بەپشووی بەڕەوە دەبرد و وەک پزیشک و وەزیر بەدووی یەکدا دەچووە خزمەتی میرانی جیاوازی ئێرانییەوە، هەشتا هەر گرنگیدانەکانی بە تەوژمەوە و هەزی بەدیهێنانی خۆی پاراست و هەردەم بە زانستەکانەوە پابەند مایەوە.

بەرهەمی ئەم کەششە جێی سەرنجە، ئەمش بەتایبەتی دوو کایەی زانین دەگرێتەوە کە ئیبن سینا – گەر سەرفرازیی دواتری ئەو بە پشتەوە وەربگرین – لەبارەیان "کارە ستاندارتەکان"ی خۆی بە زمانی ئەرەبی نووسی. یەکێک لەم کارانە پزیشکییە کە ئەو لەپاڵ کورتە گەتاری جیاوازدا کتێبە قەبەکەی بەناونیشانی "کانونی پزیشکی" لەبارەوە نووسی و تێیدا زانینی سەردەمەکەی بە سیستەماتیکەکی بوونەن و لەهاتوویەکی فەرکارییانە کەکردەوە. کایەکەی دیکە بریتی بوو لە فەلسەفە کە ئیبن سینا نەک تەنیا سیستەماتیکییانە ڕێکیخست و فەرکارییانە خستییە بەردەم، بەڵکو هەروەها لە نوێوە هزراندیەوە، بەتایبەت لە هەندێک ڕووەوە سەرلەنوێ بناغەی دانشتەوە. ئەمە لە ژمارەیەکی زۆر کاردا هاتە دەربڕین کە لە نێویاندا بەتایبەتی دوو دانە بەرواتاترینن: 1) "ئەلشیفا" (نزیکەی لە نێوان 1020-1027دا نووسراوە)، کە بریتییە لە دوائەنجام-(Summa)ێکی فەلسەفیی پێکهاتوو لە چوار بەش (لۆگیک، فیزیک، ماتماتیک، مەتافیزیک) و داشتنی بەندە بە نووسینە بناغەییەکانی ئەیستەتلیسەوە

(کاتگۆریییکان، هەرمینیەتیک و هتد)؛ ئەم کارە درەنگتر لە وەرگێڕانە لاتینییە (تەواونەکراو)ەکەیدا (بە ناونیشانی Liber Sufficientiae) بوو بە بناغەی وەرگرتنی (لەسەرپسپۆنی) ئیبن سینا لە ئەوروپا. 2) "ئەلئیشارات وەلتەنبیهات" (نزیکەی لە نێوان 1030-1034دا نووسراوە)؛ ئەمیش نووسینەکە کە هاوشێوەی دوانجام بەرنامەی بە داناوە (ئەم جارە لە دوو بەشدا: 1- لۆگیک، 2- فیزیک و مەتافیزیک)، وەلە پرسکان لەم کارەدا نەک پابەند بە دەستنووس و موحازەرە باونەکراوەکانی ئەیستەتلیسەوە (Corpus Aristetelicum)، بەڵکو بە هزرینەکی ئازاد و هەڵکی زمانییانەی سەرنجاکێش گەڵان پەدەرەن، بەیە ئەم نووسینە زۆرتر لە "ئەلشیفا" کاریگەریی نواند لەسەر وەرگرتنی ئیبن سینا لە ناوچەی کولتووری ئیسلامیدا.

ئەم دوو کارە بە ئەندازەیکی زۆر لەسەنن، جا گەرچی ئیبن سینا لە لەهزرینەکانیدا لەو کەنسێپتانەوە دەردەچێت کە لای نووسەرانی کەنتر ناسیبوونی. ئەیستەتلیس بە پلەی یەکەم سەر بە سەرچاوەکانی ئەوە (وەک پێشتر گەتمان، نزیکەی سەرجەم دەستنووس و موحازە باونەکراوە بە ئەمە گەیەنراوەکان کە هەروەها "تیەلگیی ئەیستەتلیس"یان دراوەتە پاڵ) پەکەوە لەتەک ڕاڤەکارانی ئەودا، ئەوجا فارابی کە ئیبن سینا سەرباری گومانە پێشتر ئاماژەپەدراوەکان بەئاشکرا وەک کەسی سەرەکی بە لەوتی پەگەیشتنی فەلسەفەیی خەی ناوی دەبات. بەیە ئەمە هەندەک جار لە ئەدەبیاتی لاوەکیدا دەخوەنینەوە کە نزیکییەکی زۆر لە نێوان هەردوو هزرڤاندا هەبووە، لەڕشدا جەخت لەوە دەکرێت کە ئیبن سینا هەندەک کەنسێپتی دیاری فارابیی هەناوەتە نێو سیستەمە فەلسەفییەکەی خەیەوە (بە نموونە مەدەلی گەردوونناسی بە دە زەینەوە). ئەمە ناتوانین نکۆی لەم جارە وەرگرتنانە بکەین، سەرباری ئەوە گەرەکە بپرسین کە داخە وەرگرتنەکان لە چە مەغزایەکدا ئەنجامدرابن و چە دەرئەنجامانەنک وەک پێشنیار بخەنە بەردەم. گەر نزیکتر بوانین، دەبینین کە ئیبن سینا زۆر کەنسێپتی وەرگیراوی خستە نێو هەڤرایەکی (کەنتەکستەکی) نوێوە و جیاواز لە هزرڤانانی پێش خەی ڕاڤەی کردن و نرخاندنی. ئەوە کە فارابی واتایەکی نەوەندیی پەدابوو (واتا فەلسەفەی سیاسی)، ئیبن سینا تەنیا لابەلا ناوی دەبات. ئەوە کە فارابی وەک خشتەی کەنسێپتییانەی سەرجەم مەدەلەکەی (واتا جیاکردنەوەی فەلسەفە و ئایین بە دەرئەنجامانەنە تیەری-زانستییەکانەوە) دایناببوو، ئیبن سینا وەک بنەتی سەرەکی وەریدەگرێت، سەرباری ئەوە زۆر جار لە ئەنجامدانی لەهزرینەکانیدا سەربەخە دەیگوازێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەو

پرسانە کە فارابی بەتایبەتی گرنگیی پێنەدابوون (ئەنتەلەگی، تیەلەگی، پسیکەلەگی، بەتایبەتی تیەریی دەروونی تاکەکەسی / خۆیی) لای ئیبن سینا دەنە نەوەندی لێهزرینەوە. بەم شێوەیە فەلسەفەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات و لە زۆر ڕووەوە جیاوازی خۆی دەگرێتە بەر.

دەرچەی ئەنتەلەگیی ئیبن سینا بریتییە لەم تێوانینە: شت بە بێگانەوە هەیە، وەلێ ئەم ئەنتەلەگیيە لە ڕووەوە ئاشکرایی (ئێفیدەنسی) دەرککردنی دەرکەوتەکانەوە ئاوەڵناکات، وەک چۆن لای هزرڤانانی پێشینی ئیسلامی باو بوو، بە پێچەوانەوە ئیبن سینا لە بناغەشتنی لێهزرینەکانیدا هەر لە سەرەتاوە پشت بە ئەتەنامیی زەین دەبەستێت. بە ئەو چەشنە "بوون" و چەشنەکانی "شت" بریتین لە پریمای ئینتەلیگیبلیا، واتا تێگەی ئاپریۆرین و هەموو زەینەکی سالیم لە ساتی پێگەیشتوویی مرۆڤەوە هەیەتی (ئەو لە "زەین بە ڕیزبەندیی پێکهێنراویەوە" دەدوێت). تەنیا چەنەتیی (مەدالیتیی) بوون ی تایبەت بە شتەکان جێی پرسیارە. ئایا پێویستە شتەکان هەبن؟ یان ئایا شتەکان دەتوانن هەبن؟ بە شێوەیەکی دیکە ببڕژین: ئایا بوونی شتەکان، گەر بە خۆی بەدیهاوی لەبەوانرێت، زاڕوورییە یان تەنیا شیاوە (مومکینە / پۆتێنسیەلە)؟ – وەک چۆن ئیبن سینا بەگوێرەی مێتافیزیکی ئێیستێتلیس دەریدەبڕێت. سەبارەت بەمە سەرنجدان و ئەزموونەکانمان وێڕای هەڵکمان دەدەنەوە: فەرمان دەکەن، سەرجەم ئەو شتانە کە ئێمە دەتوانین بە دەرکەوەرەکانمان دەرکیان بکەین، وەرگێڕینیان بەسەردا دێت، بێڕ زۆرتر لێوەش: هەر یەکەکیان دروست دەبێت، هەر یەکەکیان لەناودەچێت، کەواتە لەڕبوونیان (ئەکزیستێنسیان)، گەر بە خۆی بەدیهاوی لەبەوانرێت، تەنیا شیاوە. لەڕەوە ئیدی پرسیار سەبارەت بە بناغەی بوونیان سەرهەڵدەدات و ئیبن سینا دەگەیەنێت بە لێهزرینەکەی دیکەی: بێگەهەنانەوە بە هەبوونی (ئەکزیستێنسی) خودا.

ئیبن سینا لەم گریمانەیەوە دەردەچێت: هەموو بوونەوەرەک کە بوونی لە خۆدا تەنیا شیاوە (= A)، دەبێت هەیەکی هەبێت. ئەم هەیە (= B) هەبوونی A زاڕوور دەکات، ئەویش کاتەک سەبارەت بە نا-هەبوونی شیمانەیی A (کەواتە هەروەها نا-هەبوونی لە خۆدا شیاوی ئەو) پتر کەش دەخاتە سەر هەبوونی. وەلێ هەمان پرسیار هەروەها B دەگرێتەوە: ئەو دەتوانێت، گەر بە خۆی بەدیهاوی لەبەوانرێت، بەزاڕووری یان بەشیمانەیی هەبێت. لە ڕوانگەهەنانەوەکەمان کاتایی هاتووە، چونکە ئەوسا خودا، بونەوەرە-زاڕووری، دەبینینەوە. لە ڕوانگەی دووەمدا دەبێت گریمانە بکەین کە هەیەکی دیکە (= C) هەیە و لە لایەنی خۆیەوە هەبوونی B دەخاتەوە و زاڕوور دەکات. لەڕەش سەرلەنوێ هەمان پرسیار سەرهەڵدەداتەوە، بێڕ، مرۆ دەتوانێت

ئەپراسیۆنە هزرییەکە بە ئارەزووی خۆی چەندبارە بکاتەوە (بە D و E و هتد). تا ئەو کاتەی ئەمە تەنیا لە هۆی ئەوتە بدوەین کە بوونەکەی – گەر بە خۆی بدابێوانرێت – تەنیا شیاوە، ناتوانین بڵێین هەبوونی شتان ڕوونبکەینەوە. وەلێ بڵێین هەبوونەوەر هەیە، بەیە هەروەها هەیەک هەیە و بوونی– گەر بە خۆی بدابێوانرێت – سەرجەم شتە شیاوەکان زەروور دەکات. ئەو هەیە دەبێت لە زنجیرەی هۆکان کە ئەمە تا ئێستا لێمان ڕوانیون، جیاواز بێت. ئاخر ئەو ناشێت لە هەبوونی خۆیدا بەندبێت بە شتێکی دیکەوە، بڵێکو دەبێت لە خۆیەوە هەبێت. بەیە بوونەوەر-زەروری (واجیب ئەلوجود) هەیە کە هەموو شتێکی دیکە دەهێنێتە ئاراوە و بە زمانی ئایینی ناو دەنرێت خودا.
کەواتە لە ڕوانگەی ئیبن سیناوە بە ساغکردنەوەی هەبوونی شتەکەوە هەروەها گریمانەی هەیەکی یەکەمین و بەزەروری هەبوو و بەزەروری کاریگەر گرێدراوە. ئاخر تەنیا گەر هەیەکی بەو چەشنە لە بنەڕەتی بوونەدا بێت، ئیدی ڕوونەدەکرێتەوە کە شتە بڵێکەوتەکان / شیمانەییەکان (کۆنتینگێنتەکان)، کە ئەمە لە جیهاندا دەرکیان دەکەین، بگشتی هەن. وەلێ ئەم گریمانەیە سەرئەنجامێکی دیکەشی هەیە: گریمانەکە نەک تەنیا زەرووری هەبوونی خودا لە خۆ دەگرێت، بڵێکو ئەو واتایەش دەگەیەنێت کە هەر شتێک لە لایەن ئەوەوە وەک ئەنجام بخرێتەوە، بەزەروری بە هەبوونی ئەوەوە گرێدراو دەمێنێتەوە. کەواتە دەبێت شتەکان کە لە لایەن ئەوەوە دەهێنرێنە ئاراوە، هاوکات لێتێک ئەودا هەبن (چونکە ئەنجامی ڕاستینە لە هۆکەی جیاناکرێتەوە). وەلێ خودا لە ئەزەلەوە هەیە، چونکە ئەو، وەک ئێستا بینیمان، بوونەوەر-زەرووریە. کەواتە جیهانیش هەمیشە هەر لە ئارادا بووە (ئەزەلییە – و)، چونکە بوونی ئەو لە ئەزەلەوە لە لایەن خوداوە وەک ئەنجام خراوەتەوە.

ئیبن سینا بەهای ئەم دەرئەنجامەوە ڕەخنەی تۆندی ئاڕاستەکرا، ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە دژبژێی دەربینەکانی نەو قورئان دەکات و ڕەژیەتی بە جیاوازییە بنەماییەکەی نێوان خودا و ئافرێنراو (مەخلوق) دەدات. وەلێ ئەمە بە هیچ شێوەیەک مەبەستی ئەو نەبوو، بڵێکو مەبەستی هزرینی ئەو کارکردن بوو لە جیاوازیی ئەنتەلەگیانەی خودا و ئافرێنراودا تاکو تێگەیشتنە وردتر لەوەی پێشتر ئەنجامدرابوو دەربخات. بە تێگەیشتنی ئیبن سینا خودا تاکە بوونەوەرێکە کە بەزەروری هەیە. لە ڕەوشی ئەودا نابوون نەشیاوە، چونکە هەبوون وەک پێویست سەر بە کرێکتی (وەک بوونەوەر-زەروری). بە پێچەوانەشەوە مەسەلەکە پێوەندە بە سەرجەم

بوونەوەرانی دیکەوە بە چەشنێکە کە ئەوان هەروەها شیمانەی نابوونیان هەیە. کەتواری هەبوونیان لانەو ئەوان خۆیاندا نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی دەرەکی کە هەبوونیان زەروور دەکات. کەواتە جیاوازیی نێوان خودا و ئافرێنراوان جیاوازییەکی کاتێکی نییە (ئەزەلییەت بەرانبەر کاتێکیتی)، بەڵکو لەوەدایە کە ئافرێنراوان بە هەر شێوازێک بوونیان پێدەدرێت. لای خودا کرێک و بوون، ئیسانس و ئێکزیستێنس، یەکانگیرن، بە پێچەوانەشەوە لای سەرجەم بوونەوەرانی دیکە لە یەک جیابوونەتەوە، چونکە ئەمە سەبارەت بە شتێک کە داخۆ "چی" بێت یان بشێت "چی" بێت، ناتوانین دەربارەنجامنین "کێ" شتێکە بڵاستی هەیە.
جگە لەوە ئەو جووتەگەیە نوێ نەبوو لەو واتایەدا کە هەروەک ئیبن سینا بە یەکەم جار هێنابەتییە نێوانەوە. کاتی خۆی ئێیستەتلیس لەوە ئاخڤی بوو کە ئەمە دەتوانین جیاوازی لە نێوان کرێک و بوونی شتێکدا بکەین. وەلە ئەم جیاوازیکردنە لای ئەو تانیا دەستوژێک بوو بە شرۆڤەکردنی هزری، جیاوازیکردنێکە دەستوژێک بوو بە دابڕشاندنی ئەدگارە جیاوازەکانی بابەتێک، ئەویش کاتێک ئەمە جارێک لەوە دەهزرێین کە داخۆ بابەتێکە چی بێت، جارێکی دیکەش لە هەبوونی خودی بابەتێکە. بە پێچەوانەشەوە ئێیستەتلیس ئەو جیاوازیکردنەی لە ڕووی ئەنتەلەگیەوە بە نەشیاو دادەنا. ئاخر ئەنتەلەگی، بەگوێرەی پێناسەکەی، خۆی بە بوونەوەرەوە خەریک دەکات، بوونەوەریش هەموو شتێکی بەرجەستە دەگرێتەوە، ئەوە بگومان بە شێوازی خۆیی لەربووونی (ئێکزیستێنسی). بۆیە تاکە شتە بەرجەستەکان (ئەوانە کە ناودەنرێن "یەکەم گوهەرەکان") بە ئێیستەتلیس فەرمی کرێکی نین و ئیدی بشێت بهێنرێنە نێو بوونەوە، بە پێچەوانەوە، ئەدگاری سەرەکییان ئەوەیە کە ئەوان لەگەڵێن (existieren) و "پێش" هەر ئەوەکەیکی دی (تەگە، ڕەگەی مەئریفە و بگوێرەی کات) بوونیان هەیە (sind).

ئیبن سینا ئەوەندە ناهزرێت. ئەم لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لە بوونەوەر دەڕوانێت. بگومان ئەمیش پێشمەرجێک دادەنێت: شتان هەن (بوونە سەرەوە)، وەلە شتان بە ئەو بنەڕەتییانە لەگەڵ نین (کەواتە یەکەمین گوهەرەکان نین لە مەغزایەکی ئێیستەتلیانەدا)، بەڵکو ئەنتیتێی (قەوارەی) بەڵکوتن و گەرەکە پرسیار لەبارەی بنەڕەتیان بکرێت. ئیبن سینا لە ڕەوتی خەریکبوونیدا بەم پرسیارەوە گەیان بە جیاوازیکردنێک دەدات کە ئێیستەتلیس نایدەناسی. جیاوازیکردنەکە کاتگەریانە دوو کایەی بوون لەیەک جیادەکاتەوە: لە لایەک خودای بە خۆ هەبوو ی بزڕووری-هەبوو کە کرێکی هاوکات

هەبوونیشی لە خۆ گرتووە، لە لایەکی دی ئافرێنراوە بەشکۆوتە بەشیمانەیی-هەبووکان، وەلە کرێ و لێربوون لای ئەم ئافرێنراوانە لە یەکەی جیادەبنەوە. بەمەش ئیبن سینا دیشتمیەکی (دووفاقیەکی) نوێی هێنایە نێوانەوە، بەڵێ بەگشتی گیانی بە مێتافیزیکەکی نوێ دا. ئەستا ئەم مێتافیزیکە بەند نییە بەو پێشبینییانەوە کە ئەیستێتلیس (و نوێپلاتۆنییەکان) گیانیان پێدابوون، بە پێچەوانەوە شرۆڤەی تراديسیۆنیانەی بوون بەو ئاستەکاریە کۆنسێپتییانەوە (بەتایبەتی هینی ئەزموونکردنی کۆنتینگێنس و دانانی خوداوە لە سۆنتەردا) گرێ دەدات کە تێڵگیی ئیسلامی فەرمولێی کردبوون.
بەقەد ئەوەش دەنگدانەوەی مێتافیزیکی ئیبن سینا لە ناوچەی کولتوری ئیسلامی (و ئەوروپای لاتینی)دا لای فەیلەسوفان و تێڵگان مەزن بوو. وەلە کەمەک ئەوە لێبیرچێتەوە کە هەر خودی ئیبن سینا هەروەها پاڵهەزی وروژێنەری گرنگی بە کارتکایەی دیکەی فەلسەفە هەبووە. ئەمە بەتایبەتی پرسیارەکانی پسیکۆلۆگی دەگرێتەوە. گەر دیدێک ئاستەی لیستی کارەکان بکەین، دەبینین کە ئەو پرسیارانە ئەویان بەدرێژایی ژیانی خەریک کردبوو. ئەو بەردەوام سەرلەنوێ هەوڵی دەدا سەرنجی خوێنەرانی بۆلای پرسی دەروونی ئاسیۆنالدا ڕابکێشێت، چونکە بە دیدی ئەو سەرجەم پرسیارە بنەڕەتییەکانی بوونی مرۆڤ (شوناس، بنەڕەت و دوایمین مەغزای ژیان) بە دەروونی ئاسیۆنالەوە بەستراون.

ئیبن سینا لە پسیکۆلۆگیشدا جێخت لە پێشتریی هۆشەکێتی دەکات. چۆن ئەنتۆلۆگیەکەی لە زانیاریی دەرکییەکانەوە دەرنەچوو، بەڵکو تێگەی ئاپریۆریانەی وەک دەرچە دانا، بە هەمان شێوە دەروونناسییەکەی لەسەر بناغەی جێختییەکی زەینمەندانە (ئینتۆلێکتوێل) بنیاتدەنێت نەک لەسەر بناغەی دەرککردنی دەرکەوەرەکان. ئەمە بەتایبەتی لە لێهزرینەکدا ووندبێتەوە کە وەک ئەرگومێنتی "مرۆڤی فڕک" ناوبانگی دەرکردووە و لە "ئۆلشیفا"دا، هەروەها لە تێکستی دیکەی جیاوازدا، دەبینرێت، وەلە ئیبن سینا بەتایبەتی ڕاشنتر وەک لە هەر جێیەکی دی لە "ئۆلئیشارات وەلتەنبیهات"دا دایدەڕێژێت. لە جێیەکی گرنگی ئەم نووسینەدا هاتووە:
"بگەڕێوە بۆ لای خودی خۆت و لێوە بهزرە … کە داخۆ بتوانیت نکۆی لە لێربوونت و خودت بکەیت. من مەبەستم لێوە نییە کە ئەمە تەنیا بۆ لێوانەرەکی ئاگامەند دەڵێت. تەنانەت نووستوویەک یان مەستبوویەک بۆ مەی هەرگیز کرەکی / خودی (زاتی) خۆی لە بزر نابێت،

جا گرتەنانت لە زاکیریدا هەردەم دەروونیکی ئاوی نەبێت. (هەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ:) گەر تۆ پێشبینی بکەیت کە کرەکت / خودت هەر لە سەرەتاوە بە زینەکی سالیم و پێکهاتەیەکی سالیم (واتا تەواو پێگەیشتوو) چێبووە، (گەر تۆ هەشتا هەر پێشبینی بکەیت) کە خودت ئەوها سازاوە کە نەتوانێت بژێ (جێستەیی)کانی خۆی ببینێت و چاوپێلی بەر یەک نەکەون، بەڵکو جیاکراوە لە یەکدی و بە ساتێک لە هەوای وادا هەڵواسرابن، ئەوسا دژێت بتوانیت تێبگەیت کە کرەکت / خودت لە هیچ شتێک بێئاگا نییە – جگە لەوە کە ئەو لەگەڵیە (existiert)".

ئیبن سینا پرسیارێک بەم لەهزرینەوە گرێ دەدات: ئایا ئەمە لە ڕاستیدا بە چی دەرکی خەمان دەکەین؟ ئەوە هەڵبەتە نەک بە دەرکەوەرکانمان، بە کردارێک، بەڵێی لێشەوە، ئەوە بە هیچ شێوەیەکیش بە دەستوێژکی یاریدەدەری دەرەوەی کەسمان ڕوونادات، نەخێر، بەڵکو هەزکی ناجێستەیی هەڵگری خودئاگایی‌مانە و ناوی دەنێین دەروون. ئەوە دەروونە کە بەسەر لەشماندا سەروەرە و دەیئاژوێت؛ ئەو لەنەو ئەمە خەماندایە، هەروەها هەردەم یەکە. بۆیە، وەک چۆن ئیبن سینا لە کتاییدا دەیخاتە پێش چاوانی خوێنەرانی، ئەو بە هیچ شێوەیەک لە ئەمە جیاناکرێتەوە، چونکە: "ئەو لە ڕاستیدا تۆیە".

مەبەستی ئەرگومێنتەکە ڕەشنە: دەیەوێت بەبەڵگەوە هەبوونی کرەکێک / خودێک لە هەر مرۆڤێکدا بسەلمێنێت. ئەم خودە هەردەم لەگەڵیە، تەنانەت لەکاتی نووستن (ئەمە ترۆپکێکی تیژکراوەیە دژی تیۆلۆگەکانی ئیسلام) و هەروەها لە ڕەوشی مەستیدا، ئەمەش لە دابی دەرینەوە ناومانناوە "دەروون". بەگومان چەند سەرئەنجامێکیش بە هەی سەرکیی ئەرگومێنتەکە تێکەڵ دەبن، چونکە ئیبن سینا نایەوێت تەنیا بەبەڵگەوە بیسەلمێنێت کە ئەمە دەروونداریین، بەڵکو هەروەها دەیەوێت پێشانی بدات کە چۆن دەروون پێکهاتووە، لەڕەشدا ئەمە ئەزموونی چەند تایبەتمەندییەکی تەواوکەری یەکدی دەکەین: یەکەم، دەروون ناجێستەییە (ئاخر سەلماندنی بەند نییە بە دەرککردنی دەرکەوەرکەوە)؛ دووەم، دەروون سەربەخۆیە لە لەش (و بۆیە دەتوانێت دوای مەرگ بمێنێتەوە)؛ سێیەم، دەروون تاکەکەسییە (ئیندیڤیدوەلە)، چونکە نەک تەنیا لای هەر تاکە مرۆڤێک شیاوی سەلماندنە، بەڵکو هەروەها بریتییە لە خود و تاکەکەسێتیی ئەو.

بەمەش ئیدی پرسێک دەڕاستنرێت: دەبێت سەرجەم هزرین لەبارەی مرۆڤ لە دەروونی ڕاسیۆنالەوە دەربچێت کە "سەرەتا"ی مرۆڤە، چونکە ئەمە کە مرۆڤ وەک کەس و سەبژێکتی هزرڤان بنیاتدەنێت؛ دەروونی ڕاسیۆنال هاوکات هەڵگری دوایەمین مەبەستی ژیانی مرۆڤە، چونکە کرەکی

ڕاستینە و لەناوەبری ئەوە. گەر مرۆڤ لە ڕووتی ژیانیدا بەی بلوێت دەروونی ڕاسیۆنالی خۆی بە یاریدەی مۆئریفە کامیل بکات، ئیدی بەو ئامانجە دوگات کە بەی دەستنیشانکراوە، ئەوسا ئیدی بە بەختیاریی ئەبەدی شاد دەبێت – وەک خۆاتەکی شایستە بە ئەو کەششە هەشکیانە کە ئەو تاکەکەسییانە ئەنجامی داون (نەک وەک ئەنجامی ژیان لە دەوڵەتەکی نموونەییدا، وەک چۆن فارابی گەتبووی).
ئیبن سینا بە پێیقی جەختلەکەر، پێیقی تا ڕادەیەک بانگەوازدەر بە ڕامان و ئەزموونکردنی میستیکی، ڕوانگەی دەروونی ڕووەو مۆئریفە داشت (بەتایبەتی لە کەتایی "ئەلئیشارات وەلتەنبیهات"دا). ئەمە بوو بە هۆیەک کە هەندەک ڕاڤەکاری مەدەرن تانوتی نوێنەرایەتیکردنی دوو ڕەبازی لەبدەن: ڕەبازەکی ڕاسیۆنال کە بەگوێرەی فەلسەفەی ئەرستۆتالیس ئاوڕا دەبێت و لە "ئەلشیفا"دا دوگات بە تەپکی خۆی، ئەوجا ڕەبازەکی "باتر"ی دانایی کە میستیک و نەزەری ڕاستەوخۆ ئیلهامیان پێبەخشیوە؛ ئەمیان، پێیوەندکراو بە نووسینەکی سەردەمی درەنگتریشەوە (بە ناونیشانی خەرهەڵاتییەکان کە بەشی هەرە زەری بزر بووە) وەک "فەلسەفەی خەرهەڵاتی / مەشریق" دیاری دەکرێت. وەلە ئەمەش دەتوانین ببەژین کە ئەم جەرە ڕاڤەکردنە بەسەرچووە. ئاخر هیچ نیشانەیەک بە ئەوە لەگەڵ نییە کە ئیبن سینا لە هیچ کاتەکدا لە چەوەی ئەو جەرەی ئەرگومێنتهێنانەوە دەرچووبێت کە ئاوەزمەندانە شیاوی لێتگەیشتنە. بە پێچەوانەوە ئەوە ڕاستە کە ئیبن سینا لەو شیمانانە تووژیوەو کە ئەم چەوێیە دەیانخاتە بەردەم، ئەمەش بەو ڕاستییە خویا دەبێت کە ئەو لە کارکانیدا نەک تەنیا بە شێوەی جیاوازی داشتن کاری دەکرد (بەڵگەهێنانەوەی سیلەگیستی، "ئیشارات"، "وەبیرهێنانەوە"، ئاللەگەری و هتد)، بەڵکو ئەمە هەروەها بە ڕەبازی مۆئریفەکەی خودی ئیبن سینا ووندبێتەوە، کە هاوفەرمییانە بنیاتی نەناوە، بەڵکو ڕە بە شێوازی جیای ڕاسیۆنالێتی دەدات.

یەکەکی شێوازکان بەو ڕەگەیەی مۆئریفە دگونجێت کە ئەمە لەم نێواندا لە ڕەبازی تراديسیۆنیانەی زینەوە دیناسین. ئیبن سینا لەردا لەسەر ئاستکارییەکانی کندی و فارابی دەڕوات (…)، چونکە ئەمیش هاوشێوەی ئەوان چوار پلەی تەگەیشتن وەردەگرێت، هەندە نەبێت کە جیاواز لە ئەوان ڕاڤیان دەکات. دەبێت بگوترێ دابەشاندنەکەی ئیبن سینا ئەم چوار قۆناغەی پرسەی مۆئریفە جیابکەینەوە: زەینی شیمانەیی / هەزەکی، واتا توانستی پێتیی مرۆڤ (هەروەها زارەکیش) بە هزرین کە جارە گەڵانی نەبینیوە؛ زەین بە ڕیزبەندیی پێکهێنراویەوە کە لە پریما ئینتەلیگیبلیا، واتا لە تەگە

"ئاپریاری" یەکان" (بوون، شت، شیمانە، زەروورە و هتد) و هەروەها لە پرنسیپە بنەگۆنەویستەکان (یاسای سێیەم بەدەرکەر و هتد) بە ئاگا هاتووە؛ زۆربەی کردەکی (ئەکتوەل) کە هەروەها لە سەکوندا ئینتەلیگیبلیا (تێگەیشتووە؛ تێگەیشتووە؛ ئەوجا زۆربەی بەدیهێنراو کە تێیدا دەروونی ئاسێنال خۆی وەک هزرکاری کردەکی و بەتەواوەتی زانەر ئیالیزە دەکات. بەمەش هەر چوار پلەکە (نەک سێ پلە وەک لای کندی و فارابی) دەدرێنە پاڵ بنەگەی مەئریفەی تاکە مرۆڤ. بە پێچەوانەوە زۆربەی چالاک کە ئیبن سیناش گەردوونییانە ئاڤای دەکات، لای ئەو لە ئیزی قەناغەکانی مەئریفەدا نییە، بەڵکو وەک لایەنی پێنجەم (یان پرنسیپی بنبەر) بەرانبەریان دایدەنێت.

بەگومان ئیبن سینا هەروەها ئاشنای شەویەکی دیکەی ناسینە و ناوی دەنێت ئینتوئیتسیۆن (حەدس). ئەمە هەندەک جار تێوانینەکی ئەوتۆی لەتەک خۆیدا هێناوە کە هەروەک مەبەستی ئەو لەم شەویەی ناسین نزیکە ناسێنال و میستیکی بێت، کەچی ئەوەی ئاستی بێت باڵاترین فۆرمی ئاسێنالێتییە، ئەویش چونکە ئیبن سینا کانسێپتەکەی لەسەر تێگەی ژیریی ئەیستەتەلیس (بە گریکی: ئانخینۆیا، بە ئەرەبی: زەکائ) بنیات دەنێت. ئەو لەم تێگەیەوە گەیان بە تێگەیشتنێک لە بارەی ناسین دەدات کە زۆرتر توانستە ئاسێنالەکان دەردەخات. کە حەدسی هەبێت، ئەو کەسە بەسانایی لە سەرجەم تێگەکان و سەرجەم پەیوەندییەکانی سەلماندن (بەتایبەتی لە نەوانەتێگەی سیلۆگزمەک) تێدەگات. ئەو کەسە خۆی بە هیچ شەویەک لەو ئەپراسێنە لۆگیکییانە لانادات کە ئەمە لە "ئەرگانۆن" و ئاڤەکردنەکانییەوە دەیاننناسین، بەڵکو خێراتر لەوە کە باوە بنەویاندا بێتدەبێت. بەڵاستیش ئیبن سینا ووونی دەکاتەوە، هەمیشە سەرلەنوێ مرۆڤان هۆن کە تێوانینەکانیان زەر لە زانینی مامۆستایان و هاوچەرخانیان تێدەپەڕن. زۆماریەکی زەر لە فەیلەسوفانی ئابردوو سەر بەو کەسانە بوون، پێش هەموویان ئەیستەتەلیس، بەبێ گومان ئەو خێیشی، وەک چۆن لە هەندەک جێی ئەتەبیەگرافییەکیدا دەردەکەوێت.

جگە لەوە کانسێپتی حەدس دەرفەتی جیاکارییەکی دیکە بە ئیبن سینا دەبەخسێنێت. ئەمیان پێیامهێنی (پێغەمبەرێتی) دەگرێتەوە کە لە جڤاکی ئیسلامیدا هەروەها وەک بنەگەی مەئریفە ناسێنرابوو، بێی دەبوو لە تیەرییەکی مەئریفەدا کە نیازی بەهەندوەرگرتنی سەرجەم شەوکانی زانینی هەبێت، ئاوە لە ئەمیش بدرێتەوە. فارابی ئەم پرسەی بەوە ووونکردبۆوە کە پێیامهێنان توانستەکی زەر تایبەت

بەهێزی پێشبینیکردنیان هەیە، ئەمەش دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون کە سروش (واتا وێنە و هەما) لە زەینی چالاکەوە وەربگرن و بیگەیەنن بە لایەنگرانیان. بەگومان ئەم ڕووکردنەوەیە لەنێو چەوەی کۆنسێپتی ئایینداڵای فارابی (…) لەگیکی بوو، وەڵێ هاوکات نیشانەی ئاوەش بوو کە فارابی ڕەزکی تایبەتی لە پێیامهێنان نەدەنا، بەیە کاریگەری و توانستی نەزری ئەوانی لەسەر ئاستی توانستی پێشبینیکردن سنووردار کرد. لەبەر ئەم هەیە ئیبن سینا هەنگاوی نا تاکو پتر بە تەگەیشتن لە پێیامهێنی بدات، لەڕشدا گەڕانکارییەکی گرنگی کۆنسێپتییانەی ئەنجام دا کە بریتی بوو لە وەرگرتنی دوو ئاستی پێیامهێنی. یەکەکیان بەو توانستە دەگونجێت کە فارابی دایشتبوو. کەواتە لەڕش سەرلەنوێ مەبەست لە شکۆفەی تایبەتی توانستی پێشبینیکردنە کە توانا بە پێیامهێنان دەدات وێنە و هەما لە زەینی چالاک وەربگرن. ئاستەکەی دیکە بە پێچەوانەوە ڕاسیونالە. ئاخر بە دیدی ئیبن سینا زەینی پێیامهێنیش (واتا دەروونە ڕاسیونالەکەی) لە پێیوەندیدایە بە زەینی چالاکەوە وەک ڕەبەری سەرجەم پرسە هەشکیەکان. بەیە پێیامهێن نەک تەنیا لە شێوەی هەما و دەروونەی بەشکیدا ڕاستی دەناسێت، بەڵکو هەروەها وەک پاشهاتی دەرئەنجامگیری و سەلماندن کە چواندنی گشتگیریان هەیە، کەواتە لەو شێوە بورهانییەدا (دەمەنستراتیڤدا) کە فەیلەسوفەکان بایەخی پێدەدەن. بەگومان پێویست نییە کە پێیامهێن زۆر تێبکەشێت بە ئاوەی فەری هەر ئەرگومێنتێک و یەک بە یەکی سیلەگیزمەکان ببێت تاکو ئیدی لە ڕاستی تێبگات؛ ئەوە پێویست نییە چونکە پێیامهێن خاوەنی حەدسە، بەیە -هاوشێوەی مامەستایانی نێو فەیلەسوفان – هەر لە یەکەم تەگەیشتنەوە پێی بەو دەبات کە گەتیەک لە چە پێیوەندییەکی لەگیکیدایە.
نموونە زۆر بەجوانی پێشانی دەدات کە چۆن ئیبن سینا لەو چاوەڕوانییە جیاواز و دەستپێکە هەزرییە (ئایینی و تیەلەگی و فەلسەفییانە) دەدوێت کە ڕووبەڕووی بووبوونەوە، لەڕشدا ناخزێتە ڕاڤایینەوە لە نەوانیاندا و وەک ئەلتەرناتیڤی هاوبەها لەیان ناوانێت. هەمیشە فەلسەفە چەوەی کۆنسێپتییانەی ئەو دەمەنتەوە. وەڵێ ئەم فەلسەفەیە، لە ڕووی کایەی بابەت و ئاگایی کەشکانەوە بەرپژەر نییە، بەڵکو کراوەیە بە خواستە ئاینی و پرسیارکردنە تیەلەگیەکان. ئەمە دەشێت – جگە لە پێیامهێنی – بە ڕیزێک پرسی دیکە بسەلمێنرێت (نوێژ، خەون و هتد). وەڵێ پەدچێت ئەم پرسە ئاشکراترین بێت، گەر بەوانین کە چۆن هەوڵستەکە سەرکەوتووانە لە مامەڵەکردن لەتەک قورئاندا بەجەدگەیەنرێت.
نموونەیەکی جوان بۆ ئەم مامەڵەکردنە بریتییە لە جەری تەئویلکردنی

سورەتی 24 (ئەلنور – و)، ئایەتی 35، لە لایەن ئیبن سیناوە. لەو ئایەتەدا دەگوترێت: "ئەللا نوری ئاسمانەکان و زەمینە، نوری ئەو هاوشێوەی تاقەکە چرای تێدا داگیرسێنراوەت، چراکە لە گڵاسێکی شووشەییدا بێت، گڵاسەکە هێندە درەوشاوە بێت هەروەک ئەستێرەیەکی تروسکەدار بێت، (چراکە بە زەیتی) دارزەیتونێکی پیرۆز داگیرساوبێت کە نە خۆرهەڵاتی و نە خۆرئاوایی، و زەیتەکەی نزیکەی هەوونا کی دەخاتەوە بەبێ ئاوەی هەرگیز ئاگری بەرکەوتبێت – نور لەسەر نور…"(1).
ئەم ئایەتە بە درێژایی کات چەندین جار تەئویلکراوە، لەڕاشدا هیچ هەشسووهەنار نییە کە لە نەویاندا نیزک تەئویلی میستیکی یان غەیبانی هەیە. وەلێ ئایەتەکە بە ئیبن سینا (بەگوێرەی "ئەلتەئشیرات وەلتەنبیهات") "ئاماژەیەکە" بە هاسیناللیتیی ئەم: ئەو – بە ئاللەگۆری – ئەدگاری تایبەتی مەئریفەمان دادەڕێژێت. ئاخر بە دیدی ئیبن سینا هەر بابەتێکی ناوبراوی نەو تێکستەکەی قورئان دەتوانێت توخمێکی گرنگی تیۆریی مەئریفەکەی ئەو دیاری بکات: "نور" هەمای مەئریفەیە، "ئاگر"ەکە هەمای زەینی چالاکە، "چرا"ی نەو "تاق"ەکە کە تێیدا هوناکی دەخرێتەوە، هەمایە بە زەینی شیمانەیی تاکە مرۆڤ؛ بە ئەوەی زەینی شیمانەیی دابگیرسێت، پێویستی بە زەیت یان بە "دارزەیت"ە و بەمەش مەبەست لە لەهزرینی ئەمەیە. ئەوجا "زەیت"ەکی دیکە لەوەدایە کە "نزیکەی هوناکی دەخاتەوە بەبێ ئاوەی هەرگیز ئاگری بەرکەوتبێت". ئەمیان هیچی دیکە نییە جگە لە ئینتوئیتسیۆن / حەدس. وەلێ ئەمە بە بەوای ئیبن سینا – وەک چۆن ئێستا دەزانین – تەنیا مەرکی فەیلەسوفە بەواتاکان نییە، بەڵکو هاوکات مەرکی پێیامهەنانیشە.
———————-

تێبینیی وەرگێڕ:
(1) بە وەرگێڕانی ئەم ئایەتە سوودم لە وەرگێڕانەکەی هەژار موکریانی وەرگرتووە.

گڵاسار
ئاللەگۆری: واژەیەکی گریکییە بەواتای "زمانی هووپشراو"، لەبەر ئاوەی وەنەییانە دادەڕێژێت، ئەوا هاوشێوەیی لە خوازە / مەتافەر هەیە، وەلێ تایبەتمەندییەکەی بەتایبەتی بە بەراورد لەتەک سیمبەلدا هووندبەتەوە. سیمبەل تەنیا یەک ئەدگاری هەیە: تایبەتێتی دەکات بە گشتێتی ("دە" بریتییە لە هەمای "خشێویستی"). ئاللەگۆری بە پێچوانەوە داشتنی وەنەیی تێگەیەکی ئەبستراکتە،

کەواتە گشتیی دۆکات بە تایبەتیی و بەزریش بە کەسانەدن دایدەڕژێت، کە دەشێت لە نەویدا چەند سیمبۆلێک هەبن و تەئویل بکرێن؛ بە نموونە لە شەوەسازیدا تۆگەی یان گشتیی "مەرگ" دەکرێت بە پەیکەرێکی ئەسکی کە داسێکی بەدەستەوە گرتووە.
ئاپریۆری: تۆگەیەکی تایبەتیی کانتە لە "ڕەخنەی ئاوەزی پەتی"دا، بە واتای: پێشئەزموونی بە پێچەوانەی ئاپۆستەریۆری = پاشئەزموونی. لەم هەوانگەیەوە ئەمە دەشێت لە لایەک تەنیا بەشێی زەینی پەتییەوە مەئریفەمان هەبێت بەبێ ئەوەی دەرکەوەرەکانمان بناغەی بن، وەلە لایەکی دیکەوە دەشێت مەئریفەمان دوای دەرککردن بێتە ئاراوە.
بەشەکەوت: شیمانەیی. بەوانە "کۆنتینگەنت" لە خوارەوە.
بەشەکی (پارتیکولار): تەنیا بەشەکی یان هەوێکی شتێک دەگرێتەوە. "زیندەوەر" گشتگیرە، "کەتر" تەنیا کەرتەکە لەنەو زیندەوەراندا.
دەرکەوەر: بگەوڕەی "زاراوەسازیی پەوانە"ی مەسعود محەمەد سازێنراوە وەک تۆگەیەک بە "سەنس"ی لاتینی کە ئەرگانییە (هەست نییە!!)، وەک: دەرکەوەری بینین، بیستن، بەنکردن، چەژتن، گرتن.
ئەکزیستێنس: لەربەوون (Dasein)ی شتێک بەبێ ئەوەی جارێ بەوردی دیاریکرابێت.
ئەسێنس: (بە تایبەتی لە ئەنتەلەگیدا) بریتییە لە کرێکی، سروشتی ناخەکی یان ئەوها-بوونی شتێک.
ئەدەبیاتی لاوەکی: ئەو نووسینانەن کە بە نموونە لە فەلسەفەدا وەک تەژینەوە لەبارەی فەیلەسوفەکی بەواتا نووسراون. لەرەدا کارەکانی ئەو فەیلەسەفە دەبن بە ئەدەبیاتی سەرەکی.
ئەزموونکردنی بەشەکەوت: ئەزموونکردنی شیمانەیی نێک زەرووری. مەبەست لە ئەزموونکردنی شتەکان یان قەوارەکانە کە هەبوونیان یان نا-هەبوونیان نە زەرووریێ و نە نەشیاوە (مەحاڵ).
فەلسەفەی خەرهەڵاتی (مەشریق): فەیلەسوفەکانی بە نموونە بریتین لە کندی، ڕازی، ئیخوان ئەلسەفا، فارابی، ئیبن سینا، بە پێچەوانەی فەلسەفەی خەرئاوایێوە (مەغریبەوە) کە بە نموونە فەیلەسوفەکانی بریتین لە ئیبن باجە، ئیبن توفەیل، ئیبن ڕوشد.
گەوهەر (زوبستانس): ئەوەکێک کە بە لەربەوونی خۆی پەویستی بە لەربەوونی ئەوەکانی دی نەبێت، بەڵکو خۆی بناغەی خۆی بێت.
گەتە: لە لەگیکی ئەیستەتەلیسدا (هەروەها ناودەنرێت پرنسیپی دوو-بەهایی ئەیستەتەلیس) بریتییە لە پەکهاتەیەکی زمانییانە (ڕستە / دەربڕین) و پەیوەندە پەوەی باش دەبێت کە لەبارەی بپرسرێت داخۆ ڕاست یان هەڵە بێت، کەواتە داخۆ لەبارەوەگەتراو بگرێتەوە یان نەگرێتەوە.
هەڤرایەڵی (کۆنتەکست): مەبەست لە هەڤ-پەیوەستبوونێکە کە بابەتێک

/ هۆشک / فەرهەنگی خۆی تێدا دەبینێتەوە و گرەکی لێ نەویدا بەهێند وەربگیرێت. بۆ نموونە: "ئەز دچم بۆ دوکان"، یان: "ئەز لە دوکانی باوکم خەریکی فرۆشیاریم". بەم دوو ستایلە دژبەرێت کە بۆ وشەی "دوکان" مەبەست لە چییە، ئایا مەبەست لە "شارچکە" یان "فرۆشگە"یکە.

هزرپگەیشتوو: (بە ئەڵمانی gebildet)، واتا کەسێتییەک کە بە خوێندنەوە، توێژینەوە و خوێندنەوە بووە بە خاوەنی هۆشکی پگەیشتوو، کە دژبەرێت "نەشنبیر" بێت (گەر خۆی لە گۆشنیگای نەشناییەوە پگەیاندبێت)، وەلێ دژبەرێت "تاریکبیر" (بۆ نموونە فیلسوفکی نەشبین) بێت.

ئینتوئیتسیۆن (حەدس): ناسینی یان لێوانینی هوون و ئاشکرا وەلێ کتوپڕ و ئاستوخۆی هۆشک یان بابەتک، ئاستوخییکش نیشانەی ئەوەیە کە ناسینەکە/لێوانینەکە بە هزرین یان پڕچاندن بەدینەهێنراوە، واتا نا-دیسکورزیڤە.

کانسێپت: مەدەل، بەرنامەی پوختی مەدەلک یان تیرییەک.

کانتینگەنت (ئاوەناوە)، ناوکەی بریتییە لە: کانتینگەنتس، بە لاتینی "کانتینگەنتسیا"، واتا "ئەوە کە هوودەدات" یان "هەکەوت". هوودان شیمانییە، بەهەکەوتە، کەواتە دژبەرێت شتێک هووبدات یان هوونەدات، بە پێچەوانەی هوودانی زەروورییەوە

میستیک: پەنهەنی. جیهانبینییەکی ئایینییە کە تێیدا کەس کەشش دەکات بۆ ئەوەی بە ئامان و زوهد لەتک خوددا یەکانگیر ببێت، بە نموونە لە تەسەوفی ئیسلامیدا.

ئەنتەلەگی: جەرەکی فەلسەفاندنە کە لە بارەی بوونی بوونەوەرەکان دەپرسێت.

ئەرگانۆن: ناونیشانی نووسینە لۆگیکییەکانی ئەرستۆتلیس.

پرنسیپی بەهگەنەویست (ئەکسیەم): بنەڕەتێک کە بەڵگەهایی وەک ئاست ناسێنراوە، یان ئاستییەک کە پەویستی بە سەلماندن، بەهگەبەهێنانەوە، نییە، هاوکات گەزارە نییە و لۆگیکییانە دەرئەنجامێنرابێت. بە نموونە لە ئەندازەدا: لە نەوان دوو پنتدا تەنیا دژبەرێت ئاستەهەڵکێک هەبێت.

پریما ئینتەلیگیبلیا: ئینتەلیگیبل وەک ئاوەناو ئەوەیە کە تەنیا هۆشکییانە بە زەین دیاریدەکرێت، کەواتە ئەمە ناتوانین بە دەرکەوەرەکانمان دەرکی بکەین، وەک قەوارە هۆشکییەکانی "بوون"، "شت"، یان "ئیدە".

ئەنتیتێ (قەوارە): واتا هەبوو، لۆگەبووی بەرجەستە، وەلێ هەروەها کرەکەکی هۆشکیش. مەبەست لە یەک تاکە بوونەوەر، بە نموونە کەسێک، بابەتێک، هوداوەک.

سیلەگیزم: پەیوەرناسی (عیلم ئەلقیاس)، کە ئەپیستەتەلیس گەلانی پێدا و کلاسیکییانە (واتا کۆن-نەبووی) چەسپاندی. گەر ئەمە دووپشدانراومان / پرەمیسمان وەک سەرەستە و ژێرەستە هەبێت و هەردووکیان خاوەنی نەوانتگەیەک بن، ئەوا دەتوانین لەویان دەربئەنجامنین. سەرەستە: سەکرات مرۆڤ؛ ژێرەستە: مرۆڤ بمرێ؛ دەرئەنجام: سەکرات بمرێ. لە سەرەستەدا سەکرات بکەرێ / سەبژێکتێ، مرۆڤ دراوپاڵێ / پرەدیکاتێ؛ لە ژێرەستەدا مرۆڤ بکەرێ، بمر دراوپاڵێ. مرۆڤ لە سەرەستە و ژێرەستەدا نەوانتگەیە.
تێگە: (بە ئەربی "مەفهوم"، بە ئەڵمانی "بەگریف / Begriff". ئەم واژەیە دەگەڵتاوە بە جەمسالێ نەبەز، ئەز لەبریی واژەی هەبەستقانییانەی "چەمک" بەکاریدەهێنم کە بەهەی نادیاریی کرێکییەوە نازانرێت چی دەگەیەنێت، بەیە بەزریی خواوەکیلی یان ئەوانبژیانە بەکاردەهێنرێت.
خشتەی کەنسەپتی (konzeptueller Rahmen): مەبەست لە بونیادەکی بەخشتەکراوە کە وەک زەمینەی توژینەوە لە ئەوشە یان لە فەنەمەنە ئاماژەکان دادەنرێت.
یاسای سێیەم بەدەرکەر: یەکەکە لە یاساکانی لۆگیکی ئەپیستەتەلیس کە دەبژێت: لە نێوان بوون و نابوونی شتێکدا سێیەمێک ناشێت. شتێک یان هەیە یاخود نییە. گەتەیەک تەنیا بە خەی و پێچوانەکەی چواندنی هەیە، چواندنی سێیەمێک نەشیاوە. بە نموونە: هەموو شتێک (گەردوون) دەبێت هەبێت یان نەبێت، یان: "گەردوون ئازادییە"، "گەردوون ئافرێنراوە"، سێیەمێک لە نێوان ئەم دووانەدا نییە.
زەین: هەزی هزرین
زەینی چالاک: ئەم تێگەیەی ئەپیستەتەلیس کە تا ئێستا لە داشتنی هزری هەندێک فەیلەسوفی ئیسلامیدا بەردەوام ئاماژەی پێدەرێتەوە، ووڵکردنەوەی وردتری بە پتر لەتێگەیشتن گەرەکە.
ئەمە لای ئەپیستەتەلیس دوو جەر زەینمان هەیە و بریتین لە زەینی ناچالاک و چالاک، ئەم تەوانینەش بەندە بە جیاوازیکردنی نێوان "کەرەسە" و "فەرم"ەوە. کەرەسە شیمانەییە، پەتەنسیەلە، وەلە فەرم کردەکییە، ئێکتوەلە، و ئەپیستەتەلیس ناوی دەنێت "ئەنەرجیا". هەردووکیان گەوهەرن (زوبستانسن). یەکەمیان لە تاکەکاندا دەردەکەوێت، بە نموونە یەک تاکی مرۆڤ، درەختێک، وەلە دووەمیان (فەرم) گشتییە و جەر و ڕەگەزی یەکەم گەوهەر دیاری دەکات، بە نموونە: مرۆڤ، زیندەوەر. کەواتە گشتی / فەرم لە تاکە شتەکان سەربەخۆ نییە، چونکە لە نێوان تاکەتی و گشتێتیدا، کەرەسە و فەرمدا، پەیوەندییەکی هەئەنجامی (تەلیلەگیانە) هەیە. لەردا دەرککردن دەستپێکی پرسەی مەئریفەیە.

سەرتا دڕککردن فەرمک بۆ هۆش دناسنت کە لنو شتکی جیهانی ماتریدایە. ئەم لڕدا گشتییکی سەرتایمان لنو هشدا هەیە و ئەیستتلیس ناوی دنت "فەرمی دڕکی". ئەوجا گەر ێزک پشبینیی هاوجەر لنو یادوریماندا کببنوە، ئەوسا لوەیان پشبینیی دیکە دسازنین و گشتییکیان بەرزترە لە گشتیی پشبینییە دڕکییکان. بە نموونە سەرتا پشبینیی ئاژەڵکی تایبتیمان هەیە کە ئەسپکە. ئەم پشبینییە بریتییە لە گشتییک. گەر پاشان کەمەڵک پشبینیی دیکەی لەم جۆرە کە ببنوە، بە نموونە پشبینیی ئەسپ، کەر، شێر، گورگ و هتد، ئیدی بۆی کارایی زینەوە دگەین بە پشبینیی ئاژەڵ کە ئاستکی بای گشتییە هەیە. ئەیستتلیس ئەم پشبینییە ناو دنت "تایبتمندیی زینی"، وەڵە جارە لە ناوڕکدا پشبینییکی دڕکییە و لنو دڕووی نزمی بمردایە. ئەم بریتییە لە زینی ناچالاک کە پاشان زینی چالاک (نووس) دستی بسەردا دگرت و لوەی کرکی تگەیی (ئیدیل) دڕدکشت. کواتە کرکی تگەیی بشیمانەیی (پتانسیل / هزکییانە) لنو پشبینییکاندایە و زینی چالاک دەیکات بە کردکی (ئکتوالیزەی دکات). گەرچی زینی چالاک بە پشبینییکان ناهزرێت، وەڵە خەی پرنسیپکی ئافرنەرە و بە کاریگەریی پشبینییە ماتریکان گەیان بە تگەکان دەدات، چونکە هیچ شتک پەی تکەە نەبووە، بەکو سەربخەیە. لەبەر ئەم هەیە ئەیستتلیس بە ئەزەلی و نەمری دادنێت.

چاوپکەوتنک لگەڵ شاعیری ئەمریکیی فیلیپ لیقین.. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

فیلیپ لیقین لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگان لەدایک بووە و زیاتر لە پنجا ساڵیش خەریکی نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرکانییەتی و ئێستاش خانەنشینە. هەروەها فیلیپ

لە سەرتاسەری ئەمریکادا و لە چەندین دامەزراوە وانەبێژی کردووە، کە دیارترینیان زانکۆکانی کالیفۆرنیا و فرەسنۆ و نیویۆرکن. ئەو خەڵاتانەی کە بە شیعرکانی وەریگرتوون، چەندە زۆرن، ئەوەندەش بەناوبانگن. لەوانە خەڵاتی یادەوەری فرانک ئۆهارا، خەڵاتی شیعری لینەر مارشال، خەڵاتی لیفنسۆن، خەڵاتی نیشتمانی کتێب، خەڵاتی بازنەی ڕەخنەگرانی کتێبی نیشتمانی، خەڵاتی پۆلیتزەر بۆ شیعر و خەڵاتی شیعری ڕوت لیلی. هەروەها لیفین لە هەردوو دامەزراوەی نیشتمانی بۆ هونەر و دامەزراوەی جۆن سیمۆن گوگنهایم زەماڵەی پێبەخشراوە.
ئەمساڵ بەهەی ئەوەی کە هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی لیفینە، دەرفەتێکی سەرکەی دەستنرێت بۆ هەوادارانی شاعیر (خوێنەران، ڕەخنەگران و هاوتەمەنەکانی) کە ئاوڕێک لە ژیانی پیشەیی شاعیر بدەنەوە. ڕەنگە دیارترین ڕووداوی لەم جۆرە، بە ناوی "فیلیپ لیفین: ڕەزلەنان لە ٨٠ ساڵەی لەدایک بوون" کە لایەن زانکۆی نیویۆرکەوە لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی پار ڕێکخرا. مەرجیش نییە وەک ڕووماڵکردنێکی کارەکانی لیفین بێت کە لە ماوەی پێنج دەیەی ئابردووەدا ئەنجامی داون. ئەم دیدارە دەست دەخاتە سەر هەندێک بیرکە و توخمە سەرتاسەرییەکان کە لەناو زەربەی شیعرکانیدا هەن وەک گرنگیدان بە بابەتکانی چینی کرێکار، شتێک کە لیفین زەرجار پەوەی پێیوستە، دواجاریش پرسیارکان و وێنەکانی شاعیر دەچنەوە ناو بیرکردنەوەکانی لیفین سەبارەت بە شیعر و هونەر بە گشتی.
گفتوگۆکەمان کەوتە سبەینەی دوای ئەوارە کەی لیفین لەگەڵ شاعیران و ڕەمانووسانی تر کە لە (فایف پۆینتس)(١)لە یانەی هونەری نیشتمانی لە شاری نیویۆرک بە ڕەزلەنانیان لە ٤ی ئایاری ٢٠٠٤ سازکردبوو. لیفین بە جل و بەرگی ئاسایییەوە چەند خولەکێک زووتر لەکاتی کەبوونەوەکەمان کە کاتژمێر نۆی سەر لە بەیانیمان دانابوو، گەیشت. لیفین دوای بەسەربردنی شەوێکی درێژی تاادەیەک دەخەش و نائاسایی پەیدا بوو و هات و لە تەنیشت پەنجەرەیەکی گەورە بەرامبەرم دانیشت کە ڕووی لە پارکی گرامەرسی بوو و بە ڕواڵەت ئامادە بوو وەڵامی هەر پرسیارێک کە هەمە؛ بداتەوە.

ڕومیانە: دوێنێ شەو لە کۆکەتێبینیم کرد دوو شیعرت خوێندەوە. چۆن بڕیار دەدەیت چی بخوێنیتەوە کاتێک دەست بەخوێندنەوە دەکەیت؟

فیلیپ لیفین : من پێشوەخت بڕیاری خەمم دابوو کە چ شیعرێک دەخوێنمەوە. لە ڕاستیدا شیعری سەیمیشم هەبوو کە دەمتوانی بیخوێنمەوە، بەڵام نەمویست بیخوێنمەوە. ئەویش لەبەر یەک شت،

شیعرکە کە تا ئێستا نەمخوێندووەتەوە. حەزیشم دەکرد ئەو شیعری سەیدە بخوێنمەوە، کە لە هەردوو ئەو شیعرانەی کە خوێندمنەوە،زیاتر تایبەتە بەو شتانەی کە دەیننووسم.
هومیانە: ئایا لە ئێستادا دان بەوەدا دەنێیت کە گرژییەک یان هەستێکی جیابوونەوەیەک هەیە لەنێوان ئەو سەرکەوتنەی کە بەدەستت هێناوە لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە زەرجار دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەیت ؟ ئایا لەوەدا هیچ ناکۆکییەک نابینیت؟
فیلیپ لیقین : نەخێر.

هومیانە: ئایا پێتوایە پەویستە نووسەران یان هونەرمەندان یان هەر کەسێکیتر ڕەگ وڕگ بابەتی نووسینەکانیان ژیابن یان بژێن؟
لیقین: نەخێر، ئەگەر تە بەپەی پەویست باش بیت. شەکسپیر هەرگیز نە پاشا و نە ڕەمانیش نەبووە و لەگەڵ ئەوشدا توانی لەسەریان بنووسێت.

هومیانە: لە کۆکەی ئەم دواییەدا، نەتاشا تەرتشوای (٢)تەی وەک شاعیرێکی چینی کرێکار وەسف کرد. نەتاشا ئەو وشانەی بەکارهێنا. هەستت چۆنە کە لەو کاتە بەو شێوەیە وەسف دەکرێیت؟
فیلیپ لیقین : زەرجار، ڕاستی دەکەمەوە. من لە چینی کرێکار نەهاتووم. من لە چینی ناوەندەوە هاتووم. کاتێک زەر بچووک بووم باوکم کەچی دوایی کرد، دایکم ناچار بوو ببێتە ژنێکی کرێکار. بەڵام بەهاکانی ماڵەکەمان تا ڕادەیەکی زەر بەهاکانی چینی ناوەندی ئەمریکی بوون کە پێشتر دیاریکرابوون، بەڵێ ئەمە چینی ناوەڕاست بووین–بەڵام بەبێ هیچ پارەیەک. نازانم ناوی چی لێ بنێم. دایکم سوعبەتێکی خۆشی هەبوو. بەردەوام دەیگوت "یەکێک لە هاوڕێکانی فیلیپ ئەوێ نیشان بدات کە جووڵەی کەمڵایەتی لە ئەمریکادا هەیە. ئەو لە چینی ناوەڕاست لەدایکبووە، ئێستاش، بەرەو چینی کرێکار دابەزیوە. هەمووی بە هەڵە تێگەیشتووە." دایکم تا بڕێی سوعبەتچی بوو. "بیرکە ئاوهایە" فیلیپ، بەرەو سەرەوە دەڕوا نەک بەرەوخوارەوە."

هومیانە: لەئاست پەیوەندییەکانی نێوان چین و شیعر، تە هەست بەچی دەکەیت؟
فیلیپ لیقین : پەموایە پەیوەندییەکە بەردەوام کەم دەبێتەوە. دەتوانم بڵێم کە سەردەمێک لە ئەمریکادا هەبووە کە بەشێکی زەری شاعیرە گەورەکانمان، ئەوانەی لانیکەم شاعیری دانپیانراو بوون، لە پاشخانێکی تایبەتەوە هاتوون بە نموونە ئایفی لیگ و (٣)پەیوەندییان بە سەرنووسەرکان و بەاوکارەوکانی نیویەرکەوە

هەبوو کە ئەوانیش لە هەمان پاشخانەوە هاتبوون. ئەوکاتی شاعیرانی بیتس(٤) لە گەڕەپانەکەدا دەرکەوتن وەک ئالن گینسبێرگ و گاری سنایدەر و چاپخانە بچووکەکان سەریان هەڵدا و چاپخانەکانی زانکۆش کەوتنە ناوەوە و ئیتر ئەوانیش فەری دابەشکردنی کتێبەکانیان بوون و ئەو خەڵکانەشی لە ویلایەتەکانی ئەرکەنساس، تەکساس، کالیفۆرنیا یان لەهەر جێیەک ژیاون و لەدایک بوون و یان کە لەم شوێنانە چووەتە قوتابخانە یان بە هیچ شێوەیەک نەچووە. ئێستا هەموو شتەک گۆڕاوە. پەموایە تەنانەت ئەکادیمیای شاعیرانی ئەمریکاش کە تا نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەریش بە تەواوی و بەتایبەت لەلایەن یانەی کوانی پیرەوە قەرخ کرابوو، بەڵام ئیتر ئەمەش نەما. (٥)پەویستە ئەوەش بڵێم کە گەلێ سەختە بڵێم باشووریێکان بەهێنمەناوەوە. من بەئەوەی زەریش دوور بکەومەوە یەک دووانەکم لێیان کاندید کردووە. ئەمە یوسف کەمونیاکامان هەیە. ئەو تاکە کەسە و پەموانییە وەک باشووریێک لەوە بەست، ئەو زیاتر وەک ئەفریقایی-ئەمریکییەک لەوێیە. هەندێک لەو شاعیرە باشووریانەی کە حەز دەکەم لەوەدا بیانبینم بریتین لە دەیڤ سمیس، ڕەدنی جێنز، کەیت دانیەڵز، یان تەری هامەر. من وای دەبینم ئەم شاعیرانەلەبەر ئەوەی تەواو جیاوازن؛ دەبێ لەوەدا ئەندام بن.

ڕومیانە: بەردەوامبوون لەسەر بیرکەی چین و شیعر، پەدچێت شیعرکانت زەرجار خەیان بەووی خوێندنەوەی مارکسیستیدا بکەنەوە.
فیلیپ لیقین : ساڵانێک لەمەوبەر خوێندکارێکم پێی وتم کە پرۆفیسەرێکەی پێی وتووە گوایە من کەسێکی "پینکە" م(٦) پێم گوت بگەڕێتەوە و بەو بەمشکە بڵێ من پینکە نیم و سوورم. لای من کەمێنیزم تیۆرێکی ئابووریە کە خاوەندارێتی بەو کەسانە دەبەخشێت کە کارەکە ئەنجام دەدەن و بەم شێوەیە ئەو مشەخۆرانە لەناو دەبات کە هەموو قازانجەکان دەبەن. دەوڵەتی سۆشیالیستی شتێکە کە سەرنجی ڕاکێشام. ڕاستگۆیانە پەموانییە کە تا ئێستا هەبووبێت. کەمێگەی بچووکی کەمێنیست هەبووە، زۆربەیان تەنانەت لەبڕ لە ئەمریکاش. یەکێتیی سۆڤیەت کابوسێکی تەتالیتاری بوو کە وەک وەتانی تەتالیتاری دیکە ترسیان لای دراوسێکانیان دروست دەکرد. لە سیستەمی چینایەتی ئەمریکادا دەژیم، دەبینم تەماح زۆر پڕەی سەندووە. سیستەمی سەرمایەداری فەری ئەوە بووە کە چەن سیستەمی سیاسی کەنترۆڵ بکات. زۆربەی ئەمریکییەکان لە مافی خەیان بەبەشن و پەموایە لەرزینێکی بەهەز پەویستە بە ئەوەی ئەمریکا ببێتە ئەو وەتەی کە هیوادارین تێیدا بژین. هەرگیز دووەڵ نەبووم لەوەی بچمە ناو حزبی کەمۆنیستەوە، کاتێک شاری وێین پێ لە چالاکی بوو،

منیش خوندکار بووم لەوێ. من پەم وابوو ئەندامەکان گەڕان و بەقەد کەماریەی گەنجەکان(۷) بکەکەن. هەروەها ئایدیالیستەکان و گەڕانەکان و بیرکەی یەکەک بوون لەوان بە هیچ شێوەیەک سەرنجڕاکێش نەبوو. من لە کتێبی میهرەبانیدا شیعرێکم هەیە بە ناوی "حیزبی کۆمۆنیست"، باس لە چوون بۆ ئاهەنگێک دەکات کە لایەن کۆمۆنیستێکی گەنجەوە بانگهێشتی کراوە. لەگەڵ براکەم دەڕۆم. ئەمە بەدوای کچدا دەگەڕێین. هەر بەیەش دەچینە ئاهەنگ. من هەرگیز نامبینیوە ئەوەندە خەڵک پێکەوە کاتێکی وا خراپ بەسەر بەرن و ئیتر وتم "هەرگیز جارێکی تر بانگهێشتم مەکەرەوە، پێویستم بەم شتانە نییە."

ئومیانە: ئایا بانگهێشتیان کردیتەوە؟
فیلیپ لیڤین : ئەی چۆن بەڵێ، بەڵام من نەچووم.

ئومیانە: بە مەڕوو، ئەگەر شتێک هەبێت، چ شتێک باشە لە پیشەسازیدا؟
فیلیپ لیڤین: پیشەسازی زەرکاەای بەسوود بەرهەم دەهێنێت کە دەتوانرێت لایەن کەسانی ئاسایەوە بە نرخێکی زەر هەرزان بکەدرێت. هەروەها دەتوانێت کار بە خەڵکێکی زەر بدات، بەڵام بەداخەوە زەربەی جار کارکان تاقەتپروکێن بوون. بەڵام من یەک شت بە دڵنیاییەوە دەڵێم چی دەتوانێت بەرهەم بهێنێت؟

ئومیانو: بیروڕاتان چیە لەسەر بیرکەی ئەفسانەی "خەونی ئەمریکی" و هەموو ئەو شتانەی کە بەدوای خێیدا دەهێنێت و واتایان هەیە؟
فیلیپ لیڤین : پەموایە کە تا ڕادەیەکی زەر قسەیەکی بەمانایە. دەتەوێ یادم کە تازەلاو بووم–تەنگە بیست و چوار یان بیست و پێنج ساڵان دەبووم، بە ماوەیەکی زەر کوورت لە خولێکی پەروەردەی گەورەساڵان لە دیترۆیت وانەم دەگوتەوە بە ئەو کەسانەی کە بە درێژایی ژیاز کاری زەریان دەکرد، شێوانەش دەهاتنە پێل تا بتوانن شارەزا بن لە قسەکردن و نووسینی زمانی ئینگلیزی و ببنە پارەزەر یان پزیشک یان مامۆستا یان تەنها خاوەن پیشەیەکی گەورە. من بۆیری ئەوەم نەبوو بەڵێم "ئەوە خەیاڵ پلاویە". من تەنیا وتم: "ئەم ڕستەیە ناڕەزمانییە. ئەمە شێوازی نووسین یان قسەکردنە." دواتر پرسیارم کرد کە ئایا ئەم بیروباوەڕانە لە ئەمریکا و دەرفەتە بەسنووورکانیدا پێویستن بە ئەوەی بمێننەوە، وەک چۆن لایتنینگ هێپکینز (۸)جارێک گەرانیەکی گوت ڕستەکەی بەمجۆرەیە (هەر بە کوولەمەرگی دەژین.)
ئومیانە: چۆن پێناسەی "چینی کرێکار" دەکەیت، بە تایبەتی بە پێچەوانەی یان جیابوونەوە لە "چینی ناوەڕاست"؟

فیلیپ لیقین : ئەو زۆر لایەنی هەیە. "چینی ناوەڕاست" بە واتای ناوەندە دەست؛ بە واتای مامناوەندە دەست؛ بە واتای "هەر بە کوولەمەرگی دەژین" دەست، بە واتای ژیان لە مووچەیەکەوە بە مووچەیەکی تر یان خراپتر دەست. بە واتای دڕاوەی حەپەسان دەست؛ بە واتای سواری مل بوون دەست، بە واتای شەڕانگێزیش دەست. من هەشتا ئەندامی یەکێتیی کرێکارانی ئەتەمبەلسازیم. تکایە یەخەم بگرن. یەکێتیی کرێکارانی ئەتەمبەلسازی هەمیشە بەشکی بەمجۆرە دەبەت بە من و گرنگیش نییە بەلامەوە کرێکارانی ئەمەڕیکا چۆن دەنگ دەدەن.

ڕومیانە: تا چەند شیعری کرێکاری ئەوڕۆ، شیعرە تاکەکەسییەکانت، بە تایبەتی ئامانجیان چارەسەرکردنی پرسەکانی ناو کۆمەڵگەی پیشەسازییە؟

لەقین: باشە، ئەگەر ڕاستگۆ بم، کاتێک دادەنیشم بۆ نووسینی شیعرێک و هەموو شیعرێکیش بۆ ڕووداوێکی جیاواز دەنووسرێت، ئەو بیرکردنەوانە هەرگیز بەخەیاڵمدا نایەن. بۆ دەگمەن بۆ جارێ شتانە بۆ مەشکمدا گوزەر دەکەن. لە یەک حاڵەتکدا بیرمە لە شیعری "کارکردن چییە" کە لەم دواییانەدا ناچار بووم دەستنووسەکە بنێرم بۆ کتێبخانەی کۆنگرەس، یەکەم دەڤ کە نووسیبووم ئەمە بوو "دیترێیت هیچ". دانیشتم و پەم سەیر بوو: بۆچی ئەوەم نووسی؟ پاشان هاتەوە بیرم بۆچی وام نووسیوە. شەوی پێش ئەوەی شیعرەکە بنووسم، لە کەناڵی پی بی ئەس سەیری بەرنامەیەکم دەکرد کە باسی لە باوک و کوڕێک دەکرد کە لە گەنجێکی چینییان دابوو و کوشتبوویان، ئەوان پێیان وابوو کە گەنجەکە ژاپنییە و پاێنەرەکەی لە تووێیەوە بەرامبەر بە ژاپنییەکان بەهەی کەمبوونەوەی پیشەسازی ئەتەمبەلی دیترێیتەوە بوو کە کارکانیان لێدەست دابوو، وەک دواتر ڕایان گەیاند.

ئەو جارە ڤەگەڕپەرستییەم بیرکەوتەوە و هەروەها ئەو هەستە توندوتیژە دژە ژاپنییانەی کە لەگەڵیدا گەورە بووم لێدەم نەگرت هەرچەندە ڕقم لە نەتەوەی ژاپن بوو کە هەرشیان کردە سەرمان. لە قوتابخانەکەماندا هەندێک منداڵی ژاپنی لێبوون، ئەوانیش منداڵی ئەمریکی بوون. زۆرجار پرسیارم دەکرد "ئای خوایە ئەو منداڵە هەژارانە بۆچ دەخەکدا تێدەپەڕن؟ "پاشان هاتنەوە قوتابخانە. ڤەژی یەکشەممە ٧ی کانوونی دووەم بوو. ئەوان وەک سەشەممە یان چوارشەممە گەڕانەوە قوتابخانە و منیش بیرم کردەوە "بۆچ دەخەکدا تێدەپەڕن؟ "ئەوان قسەی بەسەروبەری زۆریان دەکرد، بەڵام بە هەمنی و بە شکەوە خەیان دەپاراست.

پاشان، دواتر، کاتێک کرێکار بووم، لە کۆگایەکی ماددە هەشبەرکان

لە دیترۆیت کارم دەکرد، کابرایەکی ژاپۆنی لەوێ کارەکی دەستکەوت. ئەو کەسەکی ئاوارە بوو لە کالیفۆرنیا، بەڵام گواستیانەوە بۆ دیترۆیت کە لەوێ نەیتوانی زیان بەهیچ کەس و شتێک بگەیەنێت. نەیتوانی یارمەتی ئەو سوپای داگیرکەرە بدات کە هەرش دەکاتە سەر کالیفۆرنیا. لە یەکەم ڕۆژدا لەوێ هەرشی کرایە سەر، هەرشی جەستەیی کرایە سەر. بەڵام تۆر و پێی لێکابرای هەرشبەر دا.

ڕۆمیانە: تا چەند بەشداریت بەتایبەت لە هەڵبژاردن و ئامادەکردنی کتێبە شیعرییەکانت؟
فیلیپ لیڤین: من خۆم هەموو شیعرەکان هەڵدەبژێرم.

ڕۆمیانە: چۆن بڕیار لەسەر شێوازی ڕێکخستنی دەقەکان و ئەو جۆرە شتانە دەدەیت؟ ئایا وێنەیەکی گشتیت لەبەرچاوە؟
فیلیپ لیڤین: لە کتێبی (ئەوان خەراکیان پێدەدەن ئەوان شەرن) ڕەوە دەستی پێکرد. بۆ کتێبە ئیدیتەرێکی ڕاستەقینەم دەستکەوت (هاری فۆرد)؛ کە لە ڕۆگەی کتێبی میهرەبانییەوە ئیدیتەرم بوو. لە ساڵی ١٩٧١ تا ١٩٩٩ هەمان ئیدیتەری مەزنم هەبوو. داوای لێدەکردم وەسفی کتێبەکەم بنووسم، کە مەشقێکی نایاب بوو. دەمنووسی و دەمگوت (ئەوە کتێبی منە؟ لەوانەیە و لەوانەش نییە.) چەند ڕۆژێک پێوەی سەرقاڵ دەبووم و هەر دەستکاریم دەکرد. تا جارێک زۆر بێدەم بوو، پاشان دەستم کرد بە سڕینەوەکردنی ئەو شیعرانەی کە نووسیبووم. ئایا ئەوانە شیعری خۆم بوون؟ هەندێکجار بە شیعری منیان نەدەکرد. ئەوانم دەرهێنا. هەندێکجاریتریش شیعری زیاتر هەبوو کە پێویست بوو. هەمدا بیاننووسم. پێم وایە ئاگەر سێیری دوو سێ کتێبی یەکەمم بکەیت، دەبینیت کە بە تایبەتی بە باشی ڕێکخراو نین. لە ڕووی تەنەوە ڕێکخراون، لە ڕووی هەستەوە ڕێکخراون، بەڵام لە ڕووی بابەتییەوە، بە ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆن. دواتر لەگەڵ هاری فۆرد زۆر باشتر دەستم کرد بە ڕێکخستنی شتەکان. هەروەها کەسانی دیکەم بەکارهێنا. من دەڵێم لە ماوەی تەواوی ژیانی پیشەیی خۆمدا وەک نووسەرێک، چوار کەس توانیویانە بڵێاستی یارمەتیدەرێکی گەورە بن پیتەر ئەفرواین و پاشان لاری لیڤیس، و هاوسەرەکەم، و ئێدوارد هیرش. ناوبەناویش هاری حەزی لە هەندێک شیعر نەبوو. پێم وایە لە هەموو ئەو ساڵانەی کە ئیدیتەری من بووە چوار شیعر هەبوون کە داوای لێکردم لایان ببەم. دوویانم لابرد. یەکێکیان شیعرێک بوو کە ئێستا یەکێکە لە شیعرە بەناونیشانەکانم کە باسی پیاوێکە بە ناوی چێری دەرن، کە کارم لەگەڵدا دەکات و جۆرێکی مەشکی هەیە. هاری شیعرەکەی زۆر پێی خۆش نەبوو؛ پێی وابوو زۆر بەرزەفڕە. شیعرێکی

دیکەم کە پێی خۆش نەبوو لە کتێبی(بەخشندەیی)بوو. یەکەم شیعرە لە کۆتا بەشدا. باسی دایک و باوکمە. پێم گوت: هاری، بە هەکاری تایبەت، پێویستم بەو شیعرەیە لە کتێبەکەدا بێت. نزیکەی پانزە چرکەیەک بەدەنگ بوو، پاشان وتی: "باشە، تەواو کورتە. ناتوانێت زیانێکی زۆر بگەیەنێت." بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا تەنها بە تەنیا جێی هەشتم.

ئومیانە: ئەو هەکارە تایبەتانە چی بوون؟
فیلیپ لیڤین: خورافات. لە هەر بەشێکدا یازدە شیعر هەیە و دەکاتە سی و سێ شیعر؛ کە ژمارەیەکی زۆر بەختەوەرە.

ئومیانە: لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکانت وێنەی تەدایە، وێنەی چینی کرێکار، وێنەی جەری کارگە. ئەو فۆتۆگرافەر و هونەرمەندانەی ئەو وێنانە دەخەنە ڕوو، چۆن هاوکارت بوون و کاریگەرییان لەسەر تە و شیعرەکانت هەبووە؟
فیلیپ لیڤین: بە هیچ شێوەیەک نا.
ئومیانە: ئەی چۆن گەیشتنە سەر بەرگی کتێبەکانت؟
فیلیپ لیڤین: من دوای گەڕان و سەراخ ئەوانم هەبژارد. بەرگی نوێترین کتێبم، بە نموونە، (هەناسە). کتێبەکەم شیعرێکی زۆری تەدایە سەبارەت بە مەسیقا. من مەسیقاژەنێکی بەناوبانگم نەدەویست–لویس ئارمسترۆنگ، چارلی پارکەر، جۆن کۆلترین، یان بیلی هەیدەی. دەنگە کەسێک وا بزانێت کتێبەکە دەربارەی بیلی هەیدەیە". بۆیە بەدوای مەسیقاژەنێکی نادیاردا گەڕام، شمشاژەنەکەم دۆن چەریم دەزیەوە کاتێک دەنگە تەمەنی نزیکەی نەزدە ساڵان بوو کە لە میترۆی وێستگەی گراند سێنتڕاڵ وێستاوە.
ئومیانە: کەواتە، لە بنەڕەتدا، تۆ بەدوای شتێکدا دەگەڕێیت لەناو خودی کەشیعرەکەدا بێت؟
فیلیپ لیڤین: ئەوە ڕاستە. پەموایە سەرکەوتووترین بەرگ لەنێو هەموویان بەرگی کتێبی (کار چییە) یە، ئەو بەرگەی وێنەی کچێکی منداڵ لە کارگەی پتاتە لە کارۆلاینای باشوور لەسەرە. وێنەی فۆتۆگرافەر لویس هاینە، کە تەنها بە دەکەوت دەزیمەوە دوای ئەوەی بەناو کتێبەکانی لویس هایندا گەڕام. بەدەکەوت چوومە مزگەوتێکی میترۆپۆلیتان لە شەقامی پێنج و لەوە وێنەکەم بینی یەک نیگام لێکرد و وتم "ئەمە خۆیەتی". تەلەفۆنم بە ژنەکەم کرد. وتم: هاوسەری شیرینەکەم، دەزیمەوە. ئەمە ئەو شتەیە کە من بەدوایدا دەگەڕێم. ئەویش وتی: بەگومان ئەوە خۆیەتی.

ئومیانە: ئەی بەرگی کتێبی دەیشتن لەگەڵ تۆم جەفرسن؟

فیلیپ لیقین: ئەوەم لە نمایشکی تابلۆ و وێنەکانی چارلز شیلەر لە بەستن بینی. بەڕاستی سەرسام بووم پێی. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە چاپی وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەم باشترە لەوەی کە لە سەرەوە بینیم. هی ئەوان وێشانکی نەرم و هونەری بوو. هەوەمدا لە ڕێگەی مزەخانەی هونەرە جوانەکانی بەستنەوە بیکەم، گیروگفتگەلکی زۆریشم هەبوو. لەناکاو، بە بیرمدا هات کە پێژکە لەلایەن کەمپانیای فەرد مۆتۆری ئۆتۆمبێلەوە ئاسپۆنسۆرابوو؛ دەبێت خاوەنی فلیمەکەی بن. تەلەفۆنم بۆ گوندی گرینفیلد کرد، کە وێنەکەی لە دەخرێتە کەگاوە. لەوە لەگەڵ ژنێک قسەم کرد، وەسفی وێنەکەم کرد. ژنەکە وتی: من دەیزانم. ئەمە خاوەنی وینەکەین. بە چی دەتوانێت؟ گوتم: بە بەرگی کتێبکی شیعر. ئەویش وتی: ئایا ئەمە کارکی قازانج ویستە؟ گوتم خانم بە کتێبکی شیعرە. وتی: "ئەه! بەڕاستی بگومان. باشە دەتوانین لەبەری بگرینەوە بێت و بۆتی بنێرین." تەواوی تێچووەکەش چل دۆلار بوو.

ئومیانە: وەک شاعیرێک زۆرترین شانازی بە چ شیعرێکەوە دەکەیت؟
فیلیپ لیقین: ئەو شتەی زۆرترین شانازی پێوە دەکەم "ڕەیشتن لەگەڵ تەم جێفرسن".

ئومیانە: دەتوانیت هەکارەکان بخەیتەڕوو؟
فیلیپ لیقین: ئەوەندە سەبر و خەڵاگریی دەویست بۆ ئەوەی بە جوانی دابەشڕێت.

ئومیانە: چەند کاتت پێچوو؟
فیلیپ لیقین: زیاتر لە ساڵێک، ڕەنگە دوو ساڵیشی بردبێت.

ئومیانە: تا لە بنەڕەتدا بۆ ئارەزووی نووسینی چیرۆکی خەیاڵی دەستت پێکرد، وتت یەکێک لەو هەکارانەی کە نەچوویتە ناوییەوە، ئەوە بوو کە تاقەتی ڕەماننووسینت نەبوو. وا دیارە، ڕەنگە، تا پشووت هەبێت ئاگەڕ بتوانیت کاتێک بۆ نووسینی شیعرێک لە ماوەی ساڵێکدا تەرخان بکەیت.
فیلیپ لیقین: من دڵنیام ئەمە پشووم هەیە. بەڵام ئەو کاتە نەمبوو.

ئومیانە: ئێستا هیچ ئومێدێکتان هەیە بۆ کارکردن لەسەر چیرۆکی خەیاڵی؟
فیلیپ لیقین: نەخێر، ئومێدێکی وام نییە. مۆبێستم ئەوەیە بەم ڕەمان ڕەمانە. ئایا نووسەرێکی باشتر و کاریگەرتر لە تێستەی لە

ژیانمدا هەیە؟ دڵنیام کە نییە . ئایا هیچ شیعرێک هەیە کە تا تەواستەی پێ هەبسەنگێنرێت؟ بەڵێ. شکسپیر. دانتە. ڕەمانی باش هەموو تەمەن دەبات، و بە دەستپێکردنی نووسینی ڕەمانیش کەی بوو کە سەبرم هەبوو؟ پەموابەت شیعری " ڕەیشتن لەگەڵ تەم جەفرسن"م لە ناوەڕاستی پەنجاکانی تەمەنمدا نووسیبەت. ئەوسا تێگەیشتم ئەم جۆرە پشووە و پشووە نوێیەم بەدەست هێناوە، بەڵام کەمێک درەنگ بوو تا بگەڕەمەوە و دەست بکەم بە بیرکردنەوە بە نووسینی ڕەمان.

ڕومیانە: ئایا دەڵێیت "ڕەیشتن لەگەڵ تەم جەفرسن" قورسترین شیعرە کە نووسیوتە؛ تا چەند دەبەت پشووت هەبەت بە نووسینی دەقی لەو جۆرە؟

فیلیپ لیڤین: بەو شێوەیە قورس نەبوو. لە ڕاستیدا قورس نەبوو. تەنها ئامادەیی پێویست بوو بە فەرهەنگێکی زۆر شت. ڕەشنووسی یەکەم هیچ یەکگرتوویەکی بابەتیی نەبوو. تەنیا نیوەی یەکەمی شیعرەکە بوو، نزیکەی ٩٠٠ دێڕ بوو، ئەستا تەواوی شیعرەکە نزیکەی ٦٥٠ دێڕە. لە ماوەی نزیکەی دوو سەڵ ڕەزدا ٩٠٠ دێڕم نووسی. لە ماوەی دوو هەفتەدا شیعرەکەم شێن و کەو کرد. من بە فەرهەنگی نزیکەی ٣٠٠ دێڕ. تا چوومە ناو بنبەستەکەوە. کارەکتەرم هەبوو کە لە شیعرەکەدا نەبوون، و لەکەڵم کردنەوە. ئەوان بەشێک بوون لەو ئەزموونەی کە من وەنام دەکرد، بەڵام بەشێک نەبوون لە شیعرەکە. پاشان بەو شێوازەی کە خوازیاری بووم هاتە دەست، تێگەیشتم کە نیوەی ڕەگاکەم بڕیوە. ئێستا بە کوێ بچم؟ ئەوە ساڕێکی برد تا تێگەیشتم نەک بە نووسین تەنها بە بیرکردنەوە. هەموو مانگێک ئەو مسەدەیەم دەهێنایە دەرەوە و دەمخوێندەوە و دەمگوت "ئەم شیعرە نەفرەتییە دەبە بگات بە کوێ؟" ڕەڕێک تەنها بەڕەکەوت شتێکم بیرکەوتەوە کە لە دەرەوەی شیعرەکەدا بوجێم هێشتبوو، شتێک کە بەشێک بوو لەو ئەزموونەی کە شیعرەکەی پێ لەدایک بوو و منیش لە ڕەگادا بووم بە تەواوکردنی.

ڕومیانە: باشە لە زەرێک لە شیعرەکانتدا و تەنانەت لەو شیعرەکانەش کە دوێنێ شەو خوێندتەوە، تەبینیم ئەوەم کردووە کە باڵندەیەکی زۆر وەناکراوە وەک فیسقە، سوسکە، بە تایبەتیش پاساری هەی چییە ئەو باڵندانە زۆر دەرکەون؟

فیلیپ لیڤین: ئەوان بەڵامەوە موعجیزەئامێزن و بەهرەمەندن لە فڕین. پاساری باڵندەی شارەکانن. ئەوان خۆشەویستترینی منن. بەگومان لە کالیفۆرنیا لەو شوێنەی من لێی دەژیم، هەموو جۆرە باڵندەیەکی لێیە. هەموویان لە دەوروبەری ماڵەکەمدان وەک باڵندەی کوکوختی، کەاوکووە، پەڕسەلکە، فیسقە. من لە فیلمی بەخشندەیدا قەڵەشم

هەیە. قەڵەمەکەش بۆ من تا ڕادەیەک ترسناکە. دەزانی من قەڵەمەکەشم نەدەخستە ناو شیعرەکی خۆشەویستییەوە. ئێستا، قەڵەمپاچکە بۆ من بۆتەواوی جۆرە بوونەوەرێکی جیاوازترە. بەڵام قەڵەمپاچکە باڵندەیەکی ئەفسانەییە و زۆر کنجکەکە و حەز بە دەستوەردان لە کاروباری خەڵکدا دەکات و دەنگی ئاوە هەیە کە کەشەش دروست دەکەن. هەروەها دزن. شت دەدزن. زۆر سەرنجڕاکێشن چونکە ڕەشن و کاتێک باڵەکانیان دەکەنەوە، ژۆر باڵەکانیان سەرتاپا سپییە، بەڵێ تووشی شۆکت دەکەن. من هەمیشە سەرسام بووم بەوان.

ڕۆمیانە : ئایا قەت چاومان بە بازی کالیفۆرنیا دەکەوێت؟
فیلیپ لیڤین : نەخێر من حەزم لێیان نییە. بەهەر حاڵ ئاوە شتانە تایبەتن بە ڕەبنسن جۆفرز. با ئاو هەیبێ.

ڕۆمیانە : دەتوانیت دەربارەی بیرکە یان چەمکی ڕاستی لەناو شیعرەکتدا–چۆن دەیخەیتە ناو شیعرەکانتەوە، یان چۆن بەکاری دەهێنیت ؟
فیلیپ لێڤین: هەستکردنم بە ڕاستی خۆی ڕاستی نێو شیعرەکەیە. دەتوانرێت بوترێت کە دەبێت وا لە شیعر بکەیت ببێتە جێی باوەڕ. ئاوەی دەیزانیت بەکاری دەهێنیت. تۆ بەهەر حاڵ نازانیت بەڕاستی چی ڕوویداوە. تۆ ڕووداوەکان لە ڕوانگەی خۆتاوە دەبینیت، بەڵێ گریمانەکردنی ئاوەی کە ڕاستییەکان دەزانیت، تەنها قسەی بۆ کاکەڵ. هەستی ڕاستیم لە شیعردا زۆر ئەرستەییانەیە. دەتوانرێت بووترێت کاتێک ئەرستۆ دەڵێت شیعر لە مەژوو ڕاستیترە. ئاو بگومان بەڕاستی باسی شیعری دراماتیک دەکات، بەڵام مەبەستی ئەرستۆ ئاوەیە کە مەژوو پڕ لە ڕووداو و هەڵە و تۆ چیت هەیە بۆ ئاو هەڵە و ڕووداوانە، لە کاتێکدا شیعری دراماتیک دەبێت حەتمی دەرکەوێت. پەم وایە ئەمە بەسەر هەموو شیعرەکان جەبەجێ دەبێت. تۆ دەبێت وا نیشان بدەیت کە کارکردنی شیعر حەتمییە.

ڕۆمیانە: لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی پاریس ڕیڤیودا، جەیمس دیکی ئاماژەی بە ییتس دەهێنێت کە دەڵێت شیعر "پیشەیەکی بەرز و تەنیایە". هەستت چۆن لەو بارەیەوە؟
فیلیپ لیڤین: باشە، من "تەنیا"ی پێ دەدەم. نازانم چی جەهەنەمێک ئاوەندە بەرزە لەو بارەیەوە. بەڕاستی من نایزانم. بەچی لە بەیاخکردن یان کانگاکردنی خۆز بەرزترە؟ مەبەستم ئاوەیە نازانم چی ئاوەندە بەرزە لەو بارەیەوە. کارێکە. تۆ دەچیتە سەری. تۆ هەموو هاوڕێک دەدەیت. تەنیا، بەڵێ چونکە زۆربەمان لە دەخێکی تاکەکەسیدا دەنووسین، و خەمان لە خاڵێک دەبین، و بۆ ئاوەی هەر

باش بین لەو کارەدا دەبێت ساڵانێک لەگەڵ سنووردارکردنەکانمان خەبات بکەین و شکست دوای شکست قبوڵ بکەین. زۆرجار خەڵکی دەوروبەرت پێیان وایە تۆ وەکو کاوکۆڵ دەخشیت کە ئەو هەموو کاتە بە تەنیا بەسەر دەبێت و بەتەواوی ئەو کارە دەکەیت کە دەتوانێت بیکەیت، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا سەرت بە دیواری بەهرە بزێیدارەکانتەوە دەدەیت. بەڵێ، دەتوانێت تەنیایی بێت.

هومیانە: بەڵام ئایا لە ئەنجامدانی ئەو نووسینەدا نییەیان خێت بەین، لەو کاتەدا، ئایا هەوڵ نادەیت پێوەندییەک دروست بکەیت لەگەڵ جۆرێک؟

فیلیپ لەڤین: تۆ هەوڵ دەدەیت شیعرێک دروست بکەیت. تۆ هەوڵ دەدەیت خێت دەربببەیت. بۆ کێ دەیکەیت؟ بۆ خێت.

هومیانە: ئەی باشە تۆ خێت وەک تاکە خوێنەری خێت دەبینیت؟

فیلیپ لیقین : نەخێر، نا ئاگەر تۆ بۆقەد من نامێت بۆ بێت. پێم وایە هەموومان هیوامان بە خوێنەران هەیە، بەڵام کاتێک هەوڵی نووسینی شیعرێک دەدەم، بیر لە خوێنەران ناکەمەوە. خوێنەرانیش بیر لە من ناکەنەوە. ئەوان بە ژیانی خۆیانەوە گیرەدەن. کاتێک من شیعرەکەم دەنووسم، خوێنەران سەرقاڵی ژیانن. ناتوانم وێنەسیان بکەم و هەنگاو ئەوانیش هەندێک چاوەڕوانییان هەبێت کە من بە سادەیی حەزم لێیان نییە، بە من زەرشتی تر هەیە کە دەتوانم بیری لێبکەمەوە.

هومیانە: تۆ بۆچیدا دەزانیت کە شیعر بەشدارە لە هەستی گەورەتری مرۆڤایەتی یان کەمەنگە؟ دەبێت هەکارێک هەبێت بە ئەوەی شیعر بنووسیت. تۆ وەک کەسێک وا دەردەکەویت کە تەنها بە خێت نانووسیت.

فیلیپ لقین : باش، کەشێ پرسیارەکە ئەوەیە کە شاعیرانێکی هەمەجۆر و ئەوەی دەینووسن زۆر جیاوازە لە هەر گشتاندنێک. ئاگەر تەنها وایتمانم وەرگرتبا، دەتوانم بڵێم ئەو دەیتوانی نوێنەرایەتی دیدێکی نوێ بکات، بەڵام من نە وایتمان و نە ئەو کەسەم کە هەستەنگاندن بە کارەکانی خەم بکەم. ئەوە کاری کەسانی ترە. ئاگەر تۆ دەست بکەیت بە هەستەنگاندنی کارەکانی خێت، ئەوا زۆر بە جددی خۆ هەدەستەنگێنیت.

هومیانە: با بەجۆرێکی تر بپرسم. هیوای ئەوە دەخوازیت شیعرەکەت بەشداری لە کەمەنگەدا بکات؟

فیلیپ لیقین: هەرگیز بیرم لەوە نەکردەتەوە.

هومیانە: هەرگیز بیرت لەنەکردەتەوە؟

فیلیپ لیقین: من کاتێک زۆر گەنج بووم بیرم لەکردەوە. بەڵێ، ئەو کاتەی زۆر گەنج بووم.

ەومیانە: ئەی ئەو گۆرانە چۆن ەووید؟
فیلیپ لیقین: چونکە بەدار بووموو. یەکەم شت : بە خونەر دەتوانیت چی بکەیت؟ کاتێک زۆر بچووک بووم، خونەرم نەبوو، بۆیە نەخشەم هەبوو. هەروەها پێم وابوو کە دەزانم مرۆڤەکان دەبێ چۆن بژین. ئێستا چیتر باوەڕم بەو نییە کە دەزانم مرۆڤەکان چۆن بژین. من ئەو شتوازە دەزانم کە زۆرکیان نابێت ئاوا بژین، بۆیە لە ەاستیدا من بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیم نییە. من چیتر ئەنارشیست نیم، ئەنارشیستێکی ئیسپانیی وەک ئەوەی ۆۆژێک وابووم. من کارەکتەرێکم نەبوو کە دەستی پێو بگرم. دەتوانم باسی ناخۆشییەکانی کۆمەڵگە بکەم، بۆیە چارەسەرێکم نییە بۆیان. پێم وایە خۆک دەبێ ەاستگۆتر بن. پێم وایە خۆک دەبێ میهرەبانتر بن لەگەڵ یەکتر. پێم وایە مرۆڤەکان دەبێ پابەندریان بە شتگەلێکی تر بێت جگە لە پارە. من بیر لە هەموو جۆرە شتێک دەکەموو. بۆیە من وانەبێژ نیم. نامەوێت لە شیعرەکانمدا خۆک سەرزەنشت بکەم. لەکاتێکدا زۆربەی خۆک پێشتر دەزانن کە خۆپەرستی قەزەونە، ئێم کۆمەڵگەیە قەزەونە، بۆیە ئاشتی خۆیان لەگەڵیدا بەرقەرار دەکەن. ئەوان واز لە ئایدیاڵکانیان دەنن، چونکە خۆیان قەناعەت پێدەکەن کە ئایدیالیزم سادە و نەزانییە و تەماحیش تابۆی خۆشە.
ەومیانە : پێموایە ئەو یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی شیعری ئەو . پێشم ناڵێت بە چ جۆرێک دەبێت.
فیلیپ لقین: ئێم کەسانێ، ئەو کەسانەی لە شیعرەکانمدا بوون، بێم جۆرە بوون.

ەومیانە : یان بەدەستییەوە بگرە یان جێی بهێڵە.
فیلیپ لیقین: بۆیە. کەسێک لێی پرسیم: چۆن بەناو نیویۆرکدا دەگەڕیت؟ وتم: من سواری میترۆ دەبم. ناوی شاعیرێکی دیاریکراوی هێنا و وتی: "هەرگیز سواری میترۆ نابێت. وتم: لە ەووی جەستییەوە هیچ شتێکی خراپ نییە، ئەویش وەک من چالاکە و چالاکی هەیە. بەیە شتێکی جۆرێک لە گەمژانەم درکاند. گوتم: هەموو شاعیرە باشەکان دەبێ بە میترۆدا بڕۆن. بگومان وتی: بۆچی؟ وتم: چونکە مرۆڤەکان لەوێدان. دەبێ لەو شوێنە بن کە مرۆڤەکانی لێن. دەبێ بزانن مرۆڤەکان چۆن دەژین. ئەگەر تەنها لە کافێ و چێشتخانە فەنتازیەکاندا چاودێری خۆک بکەیت، ئەوا خۆک نابینیت. لەبیرمە لە کتێبەکەی (ستۆدس تێرکە)دا کە باسی خەمۆکی دەکات، کەسانێک هەبوون لە نیویۆرک دەژیان و دەیانگوت : ئەە، ئەو خەمۆکییە تەنها پێوپاگەندەی ۆۆژڤێت بوو. هەرگیز خەمۆکی نەبوو. ئەو کەسی نەدەناسی لە کارەکەی دەرکرابێت. بگومان تەنها شتێک کە دەیناسی

ملیۆنەرەکان بوون کە بەهەر حاڵ هەرگیز کاریان نەدەکرد. دەزانی تەرکەل چاوپێکەوتنی لەگەڵ فۆتۆگرافرانی مەدەدا و کەسانی لەو جۆرە دەکرد، دەیانوت خەمەکیی چییە؟ کاتێک لە نزیک مەرنینگساید هایتس دەژیام، بەناو هارلەمدا دەڕۆیشتم. پەمنا‌ڵەی خەمەکی چۆنە و چییە؟ بەچی لەی بترسم؟ ئەی بە ناچمە ناوییەوە و بزانم چۆنە؟ ئەوە لە ساڵانی سەردەمی ڕەگن(٩) بوو. ئەوەندە هەژاری لەسەر شەقامەکان هەبوو شەرمم لە ئەمریکی بوونی خۆم دەکرد.

ڕومیانە: بەچی پێتوایە شیعر هێزەکی هێندە بەهێزە لەناو ژیانتدا؟
فیلیپ لیڤین : تە ناتوانی جوانی بە کەم سەیر بکەیت. جوانی جۆرێکە لە دیاری کە بەدەستی دەهێنین. من جوانی لەنێو زمانی دیلان تۆماس، یان دبلیو بی ییتس، یان ویلیام کارلۆس ویلیامز، یان واڵاس ستیڤنزدا دەبینم. تەنها بیستن و بینینی زمان بەو شێوەیەی کە هەیە، بەو شێوەیە نایابەی بەکاردەهێنرێت، خەی پاداشت دەداتەوە. بە من پاداشتێکی زۆر گەورەیە، بە تایبەت ژیان کردن لە جیهانێکدا کە زمان بەردەوامی دەشێونرێت. شاعیرانێکی دیکە زۆر هەن کە ئامادەن، ئەگەر بە تەمزرەیشەوە نەبێت، ئیدیعای گەورەتر بە شیعر بکەن. مەبەستم ئەوە نییە بچووکیان بکەمەوە؛ هەموو مافێکیان هەیە وەک خۆیان قسە بکەن و بنووسن. بە شێوەیێکی سەرەکی من دەنووسم چونکە نووسین دەخۆشم دەکات و بەبێ نووسین هەست بە ناتەواوی دەکەم. زیاتر لە پێنجا ساڵە هەستم بەو جۆرە بووە. ڕوونکردنەوە ئاسان نییە و منیش پێویستم بە هیچ ڕوونکردنەوەیەک نییە. سەرچاوەی شیعر نهێنی ئامێزە. ساڵانێک لەمووبار وازم لە پرسیارکردن هێنا. بەڵکو تەنها ئازیم بەوەی کە بەردەوام بەدواداچوون بە شیعری نوێ و شێوازی نوێی دروستکردنی شیعر بکەم.(١٠)

سەرچاوە :
Copyright: COPYRIGHT 2008 Georgia State University
/http://webdelsol.com/Five_Points

ژێدەرەکان :
(١)فایق پینتس؛ گەنجێکە لە ناوچەی مانهاتن لە شاری نیویۆرک کەلەچواردەوی دەریاچەیێک لە سەدەی نزدەهەم بنیادنراوە و نگەتیفترین جگەیە لەمژووی نیویۆرک. بەڵام ئێستا دوای ئەوەی گۆشکردنێکی ژیاریی و میعماری زۆربەی باڵەخانە حکومیەکان و شارەوانی لێیە.
(٢)نەتاشا تەرتشوای؛ شاعیرێکی ئەمریکییە، ساڵی ١٩٦٦ لەدایک بووە. تا ئێستا کەمێک خەڵاتی ئەدەبی گرنگی پێبەخشراوە. بروانامەی

بەکالۆریۆسی لە زانکۆی جۆرجیاو ماستەر لە زانکۆی مەساچۆستیس و هەروەها لە زانکۆی هاڤینیش دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە. تا ئێستا شەش کتێبی شیعریی بڵاوکردۆتەوە. ئێستاش جگە لە چالاکی ئەدبیی، سەرقاڵی کاری مامۆستایییە لە زانکۆکانی ئەمریکا.
(٣)ئایفی لیگ؛ چەمکی ئایڤی لیگ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن نووسەری بواری وەرزشەوە کاسوە ئادەمزەوە بەکارهاتووە. ئەم چەمکە گەرچی چەمکێکی وەرزشییە و دواتر پەریوەتە نێوەندەکانی زانکۆ و ئەدەب و هونەر.
(٤)بیتس؛ شاعیرانی بیتس یان نەوەی بیتس بزووتنەوەیەکی ئەدەبییە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئەمریکا لە کەسانێک شاعیر پێکهات کە بەرهەمکانیان کاریگەرییان هەبوو بەسەر بزووتنەوەی هۆشنبیری ئەمریکا. هۆشنبیری ئەم بزووتنەوەیە لەدۆری تەوەرەکانی بایەخدان بە ئایندە هێژەماتییەکان، شێوازەکانی تازەی سێکس، هۆتکردنەوەی ئابووری ماددی و هۆتکردنەوەی پیرەزییەکان و تاد، گیرسابوو.
(٥)یانەی کوانی پیر؛ سیستەمێکی نافەرمی کە بەهەیوە پارە و دەسەڵات لەلایەن پیاوە سپی پێستە دەوڵەمەندەکانەوە لە هۆگەی پەیوەندییە بازرگانییەکانەوە دەهێرێتەوە.
(٦)پینکە ؛ یان هۆنگ پەمەیی دەستواژەیەکە و بەرژوازی ئەمریکی دایهێناوە. ئەم وشەیە بۆ کەسانە دوترا لە ئەمریکا کۆلایەنگرییان بۆ کەمەنیزم هەبوو، بۆ ئەوەی ئەندامی حیزبی کەمۆنیستی ئەمریکا بن یان هەر کەسێک کە لایەنگری چەپ یان سۆشیالیزمی رادیکاڵ بووایە بۆ ناوەوە بانگ دەکرا.کەخێ لە بنچینەدا سووکایەتی کردنە بۆ کەسە ڕادیکاڵ و چەپانە.
(٧)کەماریيە گەنجەکان؛ فیدراسیۆنی نیشتمانی کەماری گەنجان کە بە شۆڕیکی باو بە کەماریيە گەنجەکان ناودەبرێت کە سروشتێکی سیاسی و کەمەڵایەتی هەیە و هۆکخراوێکی ٥٢٧ کەسییە بە ئەندامانی پارتی کەماریيەکان لە ئەمریکا . تەمەنیان لە نێوان تەمەنی ١٨ بۆ ٤٠ ساڵیدایە هەم هۆکخراوێکی نیشتمانی و هەم بابەتی لە تاک دەوڵەتەکاندا هەیە.لە ساڵی ١٨٥٦ لە نیویۆرک دامەزراوە.
(٨)سامۆئیل جان لایتنینگس هەپکنیز (١٩١٢ – ١٩٨٢) مەسیقاری بەناوبانگی ئەمریکییە. خاوەنی دیەها ئەلبووومی گەرانییە و چەندین کتێبی بەچاپ گەیاندووە و هەروەها لە پێنج فیلمیش بەشدار بووە.
(٩)هۆناڵد هۆگن (١٩١١-٢٠٠٤) چەمین سەرکی وەاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.
(١٠)گەڵە ناو لەم دی لەم دیدارەدا هاتوون کە خوێنەر دەتوانێت لەهۆگەی گووگڵەوە زانیاری پیویستییان لەسەر بەدەست بهێنێت.

ڕۆد ماکوین و قەسیدەی (گۆگرتن لە گەرمایی).. لە ئینگلیزییەوە: ناڕۆ حەسەن

- چەند بەشێک لە قەسیدەی (گۆگرتن لە گەرمایی)
- پێنجەم

بە ماوەیەکی درێژ لەکەنار دەریا ماوینەتەوە
تامێ تەڵ ڕۆک وەک خەرتاو وایە
بەڵام خەرتاو زەر گەرمترە
تەنانەت لە خۆشەویستیش

دەمەوێت بڵێم تەم دەوێت
بڵێام شەو تەنها ئینجێک دوورە
منیش ناتوانم چاوەڕێ بم

لەو کاتانەی کە لە حەوشە
سێبەری پەپووڵە دەکەی
کە سەرمەستانە سەما
بە گوڵە بەرزەکە دەکات
تەش هەمیشە ئەوێت لەبیر بێ
کە خەر بەرەو ئاوابوون دەچێ ..!

- یانزە

سێبەرەکانی دوای نیوەڕۆ
کەبوونەتەوە ، وەک ئەوڵاژانەی
دەیانەوێت بڵێنە ماڵەوە
پێش ئەوەی شەویان بسەردابێ

لە سەرووی بەندەرەکی خەڵەمشیرەوە
شارێک لە سەر خانوویەکی سپی دانیشتووە

چاوەڕێ ڕووداوێک دەکات
هەموو بڵێمەکانیش لە نێویانەوە

بایەک هەڵدەکات
ئێمەش بەیەکەوە لە ماڵەوە گەرم دادەین
ناتوانم سەیری تە بکەم
بە ماوەیەکی درێژخایەن
لە دڕکەوتنت لە نیو شووشەکانی
پشت بارەکەوە

من دەمەوێت بە تەنیا لەگەڵ تە بم
ئەودەمەی
ڕانەکانم بە نەرمی ناوت دەنن
تەنها تە گوێت لێیان دەبێ

ئەو شوێنە بە ئەوە دروستکراوە
بە ئەوانەی چاوشارکێیان تیا دەکرد
ئێمە لە ماڵەوە ئازادین

- پانزە
من لە زەر ڕەوەوە تەم خەشدەوێت
لە قەڕەباغی و لە تەنیایی
ئەو دەمانەی لە تەنیشتمەوە دەخەوتی
کاتێک دوور بووی
من خەیاڵی ئەوەم دەکرد
کەسانیتر لە شەقامەکە سەیری تە دەکەن
لەوەش خراپتر ، تە لە باوەشی کەسانیتردا بیت
باێندەکانی مانگی مارسی کەنار دەریام بینیوەو خەشمویستووی
خەم بە هاوین بەخشیوە و خەشمویستووی
بینینی درەختە ڕووتەکان و
وەشاندنی گەچانەکەم بانەو بادا
لەگەڵ ژماردنی هەموو خولەک و کاتژمێرەکان
من هەرتەم خەشویست
ئەو پرسیارانەی هەرگیز نەکراون
وەڵامەکانیش لە خەشویستیەوە فێربووین
بەڵێنم بە خەمداوە
هەرگیز نەپرسم ئەمشەو لە کوێبووی

تەنها بە ئومێدانەوە ساوەک دەکەم

- سیی و پێنج

ژەژەک دێت بە دوای
ئەو باڵندانە هاوکەم
کە لانەو باراندا ون دەبن
بە پەڵە ڕەیشتن بەدوای
ئەوانەی کە ڕەیشتوون
دڵخۆشم بەوەی کە جارێکیتر دەفڕم
بەڵام دنیا نیم لە هاکردنم

هێندە برین هەن
کە من هەرگیز
قسەم لە بارەیانەوە نەکردوون
شتگەلێکیش هەن
وشەکانی کاری وایان بەسەرما هێناون
کە هەرگیز ناتوانی ئەوە بزانی

دونیا دونیا گەرانی دەگوت
دەزخیش بە هەزار میلەوە لەمەوە دوور بوو
بەڵام دوای ماوەیەک گەرانی گوتنەکە وەستا

هەر ئەستێرەیەک دەکەوێتە سەرزەوی
لە شونیدا ئەستێرەیەکی تر دەدرەوشێتەوە
هەر خونێک کاە دەبێتەوە
لە شونیدا خونێکیتر گەشدەبێتەوە
کاتێک شتەکان بە جارێکیتر دەبیندرێن
تە بەردەوام شونپێی خونەکانی خێت هەبگرە

- سیی و شەش

من بە تەنیا دەژیم
هەمیشەش بەو شەوێ نیم
خەش جار جارە
کەمە دڵی خێت بکەیتەوە
تا هێندە ئازار بچێتە نەویەوە
ئەوەش سەلمێنەری ئەوێ
کە هەشتا تە دەژیت
من نازانم مەبەستم چیێ


بۆچی ناتوانین لێنۆو بیرکردنەوەکانمان
ئەو عەشقە کۆنەی
لێنۆو یادەوەرییەکانمان بوونیان هەیە
بیهێژنینەوە
تا گەورەتر دەرکەون لەوەی کە هەبوون
ئەمش ئامرێکی سڵامەتە
بۆ داخستنی دیوارەکان
من لێبیرمە
تاکە بارودۆخێکی تەومژاوی
بۆی هەندجار
لە کۆ و چۆن
یان بۆچی دەیزانم

ئەوانە هوودەدەن چونکە دەمانەوێن
یان بتەوێت و ئەویش دەیخوازی
خۆشویستی لێربێت یان نا
تا / لێنۆو تاریکی هابکشێین و
گۆ لە گەرمایی بگرین …!

- کورتەیەک لەبارەی قەسیدەی (گۆگرتن لە گەرمایی)

قەسیدەی (گۆگرتن لە گەرمایی) قەسیدەیەکی درێژە ، پێکهاتووە لە (سیی و شەش) کورتە شیعر . ناوەرۆکەکی پڕ چێژ و هەمانسیانەی هەیە ، وشە و دەستەواژەکان ناسک و گەمە لەگەڵ دەروون و هەستەکانی مرۆڤ دەکەن . دەستەواژە شیعرییەکان وەک درەخت و گوڵا ، شۆنمی شیعرییەت و چێژیان لەدەتکە . شاعیر لەم دەقەدا کەمتر ئیش لەبارەی ناوەوەی خۆی دەکات بەتایبەت شەبوونەوە بە هووبڕی ناخودئاگایی ، زۆتر لە هەگەی وەسفکردنەوە ئیش لەسەر دەرەوەی خود دەکات ، وەسفی ئەو دیمەن و شتانە دەکات کە دەیانبینێت ، وەک (کەنار دەریا و باڵندە و درەخت و سەبەر و ئاسمان و مانگ و ژووری نووستن و دووبارەکانی و هەتا دوایی .. .) ، هەکارەکەش ئەوەیە هەد ماکوین یەکەکە سەر بە قوتابخانەی هەمانسیزمی ئەمریکی ، بە شاعیرانی سەر بەو قوتابخانە ئەدەبییەش ئەم شەوازە لە نووسین کارەکی ئاسایی ، قەسیدەی (گۆگرتن لە گەرمایی) ، لە هووی فەرم و ناوەرۆکەوە هاوکات لە هووی زمان و شیعرییەتەوە ، یەکەکە لە ناوازەترین قەسیدەی هەد

ماکوین .. هەر بەیەکەو قەسیدەیەکو چەند شیعرێکی تری لە کتێبێک بەناوکردنەوە ، کتێبەکەشی بەناوی ئەو قەسیدەیە ناو ناوە واتە (گوێگرتن لە گەرمایی) .



- کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی (ڕۆد ماکوین)

ڕۆد ماکوین ، لە ٢٩ی ئەپریلی ١٩٣٣ لە شاری ئۆکرلاندی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا لە دایک بووە . ماکوین شاعیر و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژیش بووە . لەدەیەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆلێکی گرینگ و بەرچاوی هەبوو لە بوژاندنەوەی شیعری تەقلیدی لە ئەمریکا . لە تەمەنی یانزە ساڵیدا لەدەست باوکە مەشروب خۆرەکەی هەڵاتووە و ماڵەوەی جێهێشتووە . لەو تەمەنە بە بژێوی ژیانی خۆی دەستی بەکارکردن کردووە . کاری قوماسی وەک ، کرێکاری داربڕینەوەو هەڵی ئاسن و زەر جەریتر لە کارکردن . ماکوین لە ساڵانی ١٩٥٠ سەرەتای دەرکەوتنی بوو لە نەوەندی ئەدەبی و ئاشنابوونی خوێنەران بە شیعر و بەرهەمەکانی .لەگەڵ شاعیرانی ناسراوی وەک (جاک کیرۆک و ئاڵن گیسنبێرگ) دەرکەوت . لەو سەردەمانە هەندجار بەناوی خوازراوی (دەر) دەینووسی . ماکوین لە ساڵی ١٩٥٩ ەوە لە شاری نیۆرک کرد ، بە ئەوەی کاری بەیەکەبردن و کاری ئاوازدانان بکات بە بەرنامەیەک
بەناوی (THE CIBC WORK SHOP) ، لە شەستەکان یەکێک بووە لە شاعیرە بەناوبانگ و ناسراوەکانی ئەمریکا . هەر لەو سەردەمانە سەفەری فڕۆنسای کردووە بە ماوەیەک لەوە زیاوە ، وەک پڕۆژەیەک دەستی کردووە ، بە وەرگڕانی شیعرە

لیریکییەکانی گۆرانی بێژی ئەفسانەیی (جاک بریل) بە سەر زمانی ئینگلیزی . سەرکەوتنی ماکوین وەک شاعیرێکی مەدەرن بەهاوتایە .. بەرهەمە شیعرییەکانی بە دڵیان زمان وەرگێڕاون هاوکات ، بەهەی گۆرانی کەنسێرتەکانی لە هۆڵە ناودارەکانی نیۆرک هەندەی تر ناو و دەنگ و شوهرەتی بە بەخشیبوو .(ئیدوارد حەبیب) لە خوێندنەوەیەک بە ماکوین لەبارەی کەنسێرت و کتێبە شیعرییەکانی دەڵێت (یەکێک لەو شاعیرانەی بەرفراوانترین شاعیرە لە هەموو سەدەکاندا) .ئەوەش بەهەی پێ فرۆشترین تیراژی کتێبەکانی و بوونی خوێنەرانێک لە ئاستێکی بەرین و فراواندا .. ماکوین وەک چۆن شاعیرێکی ناسراو و بەناوبانگ بوو لە هەمانکات گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ و ناسراویش بوو . جگە لە کەنسێرت و سیدییەکانی ، لە ساڵی ١٩٦١ گۆرانییەکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (ئالیفەر تویست) بەو گۆرانییە ناوبانگی چووە ئاستێکی زۆر بڵند . ماکوین کەسێکی چاڵاک و پڕ بەرهەم بوو ، زیاتر لە ١٥٠٠ گۆرانی نووسیوە .هاوکاری لەگەڵ چەندین ئاوازدانەری نێو دەوڵەتی کردووە . بە درێژایی ژیانی ئەدەبی و هونەری چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە . ماکوین هەوڵە هونەریی و ئەدەبییەکانی هاوتەریب بوون لەگەڵ چاکسازی کۆمەڵایەتی . پێش گۆشتکی بە ئۆفریقیای باشوور لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو ، ماکوین داوای (دانیشتنکی تکەڵاوی) لەنیوان بینەرانی ڕێش پێست و سپی پێست دا کرد . ئەمەش دەرگاکانی بە گشتی سەرکەتووکانی کردەوە . هاوکات بە هاوەدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری خەڵکان بەرامبەر نەخۆشی (ئایدز) . هەروەها هاوەدان بە یارمەتیدانی ڕەکخراوەکانی منداڵان و کەس بە ساڵاچووەکان .ماکوین لە ٢٩ی جانیوەری ٢٠١٥ دا ، لە تەمەنی هەشتاو دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە . ماکوێن لە ئەزموونی شیعردا خاوەن ١٠ کتێبی شیعرییە ، (گۆگرتن لە گەرمایی ، بە بەدبەگی وەرە لام ، لەگەڵ خۆشویستی ، تەنیایی ، لەنێو سەبەری کەسەکیتردا ،) ، ئەوانە ناوی هەندێک لە کتابە شیعرییەکانیەتی .. لەبارەی کتێبی (تەنیایی) ، کەمەڵەی وشە و نەوەندی شیعر و داهێنان ، دەنووسەت / ماکوین ئەو پیاوەی لە هەموو شاعیر و نووسەرێکی هاوچەرخ ڕۆشنتر مانای پێناسەی تەنیایی کردووە ، ناسک و نەرمو نیان ، زیرەک و هەستیارانە تەعبیری لێکردووە . ئەو مانایەی بە تەنیایی ، لەنێو شیعرەکانی ماکوین ئەوەمان بە دەردەخات کە بۆچی ماکوین یەکێکە لە پڕ فرۆشترین شاعیری ئەو سەردەمە .

بەفرانباری ٢٠٢٣

سەرچاوە :

- کتێبی Listen to the Warm
ROD McKUEN
- ئینتەرنێت سایتی : celebrating black history
Discover new books by black uthors
Rod Mckuen books

گۆڤاری نما ژمارە ٥٦

گۆڤارێکی فیکریی و ئەدەبیی وەرزییە لە هەولێر دەردەچێت..

بۆ خوێندنەوەی ئەم ژمارەیە کلیکی ئێرە بکەن.

Nma_56Download

سەدسالەی پەیمانی لۆزان و چارەنووسی کورد.. رەسوا بەسکێنی

لەپڕاوێزی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەپێی پەیمانی سیڤر بڕیار بوو کورد بەتایبەت لە بەشێك لە کوردستانی تورکیا، ببێت بەبناغەی ئەو دەوڵەتەی بۆ کورد پێکدەهات، لە دوای دروست بوونی ئەو دەوڵەتە لە کوردستانی تورکیا، ئەوسا کوردی باشووری کوردستانیش بۆی هەبوو، بچێتە پاڵ ئەو دەوڵەتە و لەهەردوو بەشەکەی

باکوور و باشووری کوردستان، دەوڵەتکی یەکگرتووی کورد پێك بهێنن، بەڵام کورد لە کوردستانی تورکیا لەو قۆناغە گرنگەدا، لەنۆخیاندا ناکۆك بوون و یەکگرتوو نەبوون، هەر دەستەیەك لەگەڵ دەستەیەکی دیکەدا لە کێشە و ملمڵانێ دابوون، هەتا تورکە کەمالیەکان لاوازبوون، کورد لەبەر ململانێ و دووبەرەکی یەکتر نەپژانەسەر هیچ کار و چالاکیەکی وا دەوڵەتان ناچار بکەن، پەیمانی سیڤر پشت گوێ نەخەن، کاتکیش ئەوان کەوتنە خۆیان، تازە کار لەکار ترزابوو، تورکە کەمالیەکان بەهێزببوون و خۆیان چەسپاند بوو، لەبەرئەوە ئینگلیز و دەوڵەتانی تریان ناچارکرد، بیر لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤر بکەنەوە و پەیمانێکی تازەتر ببەستن، کەلەگەڵ خواستی تورکەکاندا یەك بگرێتەوە، ئیتر پەیمانی سیڤر پشت گوێ خراو هیچ لە بەندەکانی تایبەت بەکورد جێبەجێ نەکراو، وەك مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە، پەیماننامەی سیڤر هەرگیز لایەن تورکە کەمالیەکان دانی پێدانەنرا و پەیماننامەی لۆزان جێگای گرتەوە.

کۆنگرەی لۆزان لە (20)ی تشرینی دووەمی (1922)دا لە شاری لۆزان لە سویسرا دەستی پێکرد، لەنێوان بەریتانیا و یۆنان لایەك و لایەکی دیکە تورکیای کەمالی جێگرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کەمەڵك دەوڵەتیش وەکو چاودێر ئامادەبوون، یوسف زیا پاشا ئۆکات نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بوو لەسۆفیا، وەکو کوردێك بەشداربوو، داکۆکی لەمافەکانی گەلی کورد دەکرد، بەڵام عسمەت ئینونو سەرۆکی وەفدی تورکیا ئامادەی قبوڵ نەکرد و ئامادەنەبوو هیچ سازشێك بکات، هەر بۆیە کێبووننەوەکە پێکی کەوت، مستەفاکەمال ئەتاتورك دوو کوردی دەستنیشان کرد، برنجیزادە فەوزی بەگ و زولفوزادە زولفو، وەکو نوێنەری کوردبوون، ئەوان هازی بوون بۆی کورد لەگەڵ براتورکەکانیان لە تورکیا پێکەوە بژین، بۆیە هازی بوون عیسمەت ئینونو بەناوی تورك و کوردەوە قسەبکات، هەروەها لەناوپەرلەمانی ئەنقەرە حەسەن خەیری سەرۆکی کۆتڵی کوردی، بەجلی کوردیەوە وتارێکی دا و وتی: کورد و تورك بران، ئێمە دەمانەوێ لەناوێك وەاتدا بژین و سەربەخۆییمان ناوێت، نوێنەرانی کوردیش لەپەرلەمانی تورکیا (72) کەس بوون، هیچ کام لەئەوان داوای سەربەخۆییان نەکرد، ئەوانەش داوای سەربەخۆییان دەکرد بەنەفام باسیان دەکردن، پەیماننامەکە لە (143) مادە پێکهاتبوو، بەڵام هیچ مادەیەکی تێدانەبوو باسی کورد بکات، ئەم پەیمانە لەبەرژەوەندی کورد نەبوو، بەم شێوەیە کورد هیچ دەستکەوتکی لەم پەیماننامەیە دەست نەکەوت.

ستراتیجی بەریتانیا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەپلەی یەکەم، ئاڵاستەکراوی ئابووقەدانی هێشەی بەلشەفیک بوو، لە رژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، کارکە وای پێویست دەکرد، یەکگرتوویی

هەرەمی عێراق و ئێران و تورکیا بپارێزرێت و بەهێزبکرێت، تا وەک بەربەستێک لەنێوان خۆی و ڕووسیادا بمێنێتەوە، بەریتانیا لە سەرەتاوە هانی ناسیۆنالیزمی دەدا، وەک نیازێکی پان ئیسلامیزم لە تورکیا، بەرهەستیی دروست کردنی دژەتۆکی کوردیی کرد، وەک هەوڵێک بۆ ڕازی کردنی تورکیای کەمالی، لە ماوەی دانوستانی ئاشتیی لۆزاندا. تا بڕێی بەرژەوەندی بەریتانیا مل بدات و داوای ویلایەتی موسڵ نەکاتەوە.
وەفدی ئینگلیز لەو پەیمانەدا دەریان خست، ئینگلیز لەبەرنەکانی پشتوویان بەرامبەر بەکورد پاشگەزبوونەتەوە، ئینگلیز بەحسابە کەنەکاندا چووبووە و بۆیاری ئەوەی دابوو، کێشەی ویلایەتی موسڵ بەشێوەی ئاشتی و دیپلۆماسیەت چارەسەر بکا، لەسەر حسابی پشتڵ کردنی مافەکانی کورد، بۆگومان لە هاوکێشۆ سۆ لایەنیەکۆ کورد لاوازترینیان بوو، دوای ڕێکەوتنی ئۆو دووانۆ لە لۆزان، ئاسایی بوو شکست ببێتۆ بەشی سێیەم، پاش ئۆو ئینگلیزەکان بۆ لادانی جوانەوەی ڕەسەنی کوردایەتی قایلیان لە هەماڵی.
لە کۆنفراسی ئاشتی لۆزان (لۆرد کەرزۆن) وەک نوێنەری بەریتانیا و عیسمەت ئینونو وەک نوێنەری تورکیا ئامادەبوون، هەبەت رژەمی کەمالی خۆی پابەند نەکردبوو، بەبەندەکانی پەیماننامەی سیڤرەوە، داوای تەواوی ویلایەتی مووسڵی دەکرد، تا دەگاتە جەبەل حەمرین، لەکاتێکدا بەریتانیا داوای سنوورێکی دەکرد، بگونجێت لەگەڵ هەڕەشە سنووریەکانی باکووری ویلایەتی مووسڵدا. ئینگلیزەکان لەماوەی گفتوگۆی لۆزاندا موتەسەڕیفەکانی ویلایەتی موسڵیان ئاسپارد، بەناوی دانیشتوانەوە تیلیگرافی بۆزاری دەربڕن، بەرامبەر بەتورك و داواکردنەوەی ویلایەتی موسڵیان بەدەستدرێژی لەکاروباری ئەو ناوچانە دانابوو.
(لۆنگریك) دەربارەی لۆزان دەڵێ: عیسمەت ئینۆنۆ و (لۆرد کیرزن) ڕووبەڕووی یەك بوونەوە و تورکەکان کەوتنەسەر هەوای داواکردنی ویلایەتی موسڵ، بەڵام ئینگلیزەکان بەوە قایل نەبوون، داوایان دەکرد ئەو کێشەیە بخرێتەبەردەستی کۆمەڵەی گەلان (عصبەالئامم) بۆئەوەی بۆیاری لەسەر بدات، ئیتر باسی ویلایەتی موسڵ لە گفتوگۆی لۆزاندا دوورخرایەوە، ئەمەش سەرکەوتنێك بوو بۆ عیراق، لەو کێبوونەوەیەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، بۆیاردرا لە مانگی کانوونی دووەمی (1923)دا جارێکی تر کۆببنەوە، بەڵام دوایی تورکەکان ئازی نەبوون، کێشەی ویلایەتی موسڵ بدرێتە کۆمەڵەی گەلان.
ئەوەی ئاستی بۆ کێنگرەی لۆزان بۆ باسی پاشەڕۆژی ویلایەتی موسڵ و کوردستان تەرخان کرابوو، کەچی کورد نوستووی دووروپەڕز و بۆ ئاگا لەو کێبوونەوانە، نەخۆی ئەوەی لەباردابووە، لەبەر ناکۆکی و کێشە

و ململانێی نێوخۆ، دەنگۆکی یەکگرتوو بەرزبکاتەوە، ئەو هەموو هۆشنبیر و سیاسی و سەرۆك عەشیرەت و ئەفسەرە کوردانەی لە کەمەگای ئەستەمبوڵ و شارەکانی کوردستانی تورکیا زۆریان شیرو تیریان لەیەك دەسوو، کەس بەسەرکردایەتی کەس ڕازی نەبوو، ناهۆکی و دووبەرەکی و دواکەوتویی کورد لەو قۆناغە گرنگە مێژوویییەدا، هیچ لایەکیان نەیانتوانیوە لە کۆبوونەوەکانی لێزانەدا هەنگ بداتەوە و وا لەبەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ حیسابێکیش بۆ کورد بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژی یەکتربوون و نوێنەری تورك عیسمەت ئینۆنۆ، دەرفەتێکی لەباری بۆ هەخسا بۆناوی ئەو کوردانەی لەو هۆژانەدا لەلایەن کەمالیەکان هەڕەشەتێنرابوون، داوا لە کۆبوونەوەی لێزان کراوە، کورد نایەوێ لە تورك جیابێتەوە.

بەکر سامی سەرۆك نوێنەری ئۆنقەرە لەبابەت مەسەلەی کوردستانەوە دەیوت:" دەربارەی ئەم ولاتە (واتە کوردستان) لە پەیمانی سیڤردا باسی خودموختاریەت کراوە، بەڵام ئێستا کوردەکان لە مەجلیسی گەورەی میللەتدا (تورکیا بویوك میللەت مەجلسی) نوێنەرێکی زۆریان هەیە و لە وەنەیەکی فراواندا تەمسیل دەکرین، بەڵام ئەم نوێنەرە کوردانە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان هیچ باسێکیان لە مەجلیسدا نەکردووە و مەیلێکی وایان نەنواندووە". جگەلەمە بەکر سامی دەیوت:" لە قانونی ئەساسی تورکدا، نەك هەر کورد، بەڵکو نەتەوە بچوکەکانی دیکەش، کەوان لەژیر حوکمی تورکدا موختاریەتێکی فراوانیان پێ بەخشراوە، لەبەر ئەمە باوەر ناکەم شتێ هەبێ، ببێتە هۆی ئەوەی کوردەکان بخاتە لەکدانەوەو لەلایەن دوا رۆژی خیانەوە".

لەئەنجومەنی بەرزی نەتەوەی تورکیادا نوێنەرانی کورد، بەتیلیگراف وەڵامی کۆنگرەی لێزانیان دایەوە، کە نایانەوێ لە تورکیا جیابێنەوە، نوێنەرەکانی لێزان، بیان دەرکەوت کورد خیان نایانەوێ لە حکومەتی تورکیا جیابێنەوە، تورکیاش وای پیشاندا ئامادەیە مافی کوردبدا، ئیتر باسی سەربەخۆیی کورد خرایە لاوە و هەر شتێك پەیوەندی بەباسی کورد و ناوی کوردەوە هەبووبێ لەناو بەگەکاندا هەموو پشت گوێ خرا.

دەربارەی پەیمانی لێزان (ئیدمۆندس) دەڵێت: کۆنگرێ درێژی کێشا، لەبەرئەوەی هیچ کامیان لەهۆوەستی خیان دانەبەزین، کۆنفراس تەگەرەی تێکەوت و سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، ئەنجام لە چواری فێبراوەری بیاریاندا کێشەی موسڵ لەبەرنامەی کاری وتوێژ دەرخۆن و بیدۆن بۆ دوو دەوڵەتانێ (بەریتانیا و تورکیا) بۆ خیان لەسەری بدوێن، ئەگەر لەماوەی ساڵێکدا بیەك نەگەیشتن، ئەمجارێ کێشەکە بکەمەیی گەلان بسپێرن، بیاردرا هەردوولا لەو ماوەیەدا دەخی تایبەت لەبەرچاو بگرن.

بەرگرتنی ئەو بڕیارە نارەنیە، پەیمانە نزمکەکەی سیڤر و بڕیتانی دەوڵەتی بڕیتانیا بە ڕێگادان بەکوردی عیراق، بە یەکگرتنەویان لەگەڵ دەوڵەتکی کوردی، کە دەبووایە هەندك لەپارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیدا پێك بێت، لەچاو نرا.
لە پەیماننامەی لۆزان لە بڕگەی (2) مادەی (3)دا وتراوە: باسی چارەسەرکردنی سنووری عیراق و تورکیا هەڵبژێردرایەوە بە ئەوەی لە ماوەی (9) مانگدا ئەو کێشەیە چارەسەربکرێ، ئەگەر لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوسا کێشەی ویلایەتی موسڵ دەدرێ بەکەمەڵەی گەلان (عصبة الامم). بەڵام لەدوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك و تورکیا دەستبەرداری ویلایەتی موسڵ نەدەبوو، ئیتر دەوری کەمەڵەی گەلان هاتە پێشەوە.
(کەرزۆن) لە لۆزان دەستەڵاتی پێدرا بەتورککان رابگەیەنێت، حکومەتی بڕیتانیا ئامادەیە بندکانی (62 بۆ 65) لە پەیماننامەی سیڤر لابێبات، کە داوای کوردستانکی سەربەخۆ دکات، بەم پێیە (کەرزۆن) دەیویست بەهای ئەم باوڕە بەمستەفا کەمال پێدا بکات، کەبڕیتانیا بێنیازنیە تورکیا لەتوپێت بکات، لە ڕگای دامەزراندنی دەوڵەتکی کوردییەوە لە ئێندێ و باکووری عێراقدا، لە بڕامبەر ئەم دەستبەردار بوونەدا، داوا لە تورکیا کرا بچێتە ناو کەمپی گەلانەوە، بە دابین و وازهێنانی ڕووسیای بەلشەفیک، لەبەر ئەم هەکارانە چارنووسی کورد لە لۆزاندا بێندبوو بەهەوە و تەقەلای ئێنگلێ – ڕووسییەوە بە کاریگەری و دەستەاتیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
دواجار لەپەیماننامەی ئاشتی لە (لۆزان) لە (24)ی ئابی (1923) کێشەی لیوای موسڵ کۆتایی پێکهێنرا لەبڕژەوەندی عیراق، لەبڕامبەردا لە 10% لە قازانجی نەوتی لیوای موسڵ درابێ تورکیا، بەو بۆنەیەوە ماوەی ئینتداب لەعیراق درێژکرایەوە بە ماوەی 25 ساڵی تر، بەدرێژکردنەوەی ئەم پەیماننامەیە بڕیتانیا ناستوخۆ زاڵ بوو لەسەر شانشینی عیراق، لەگەڵ بوونی (ناوێژکار) ئینگلیزکان لەسەر هەموو وزارەتکان و تەنانەت لەسەر مەلیك خۆشی.
باسێل نیکیتین دەڵێت: هەرچەند پەیماننامەی لۆزان نادادپەروەرانەبوو بڕامبەر بکوردکان لەتورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ڕێگی گرنگی گەیا، لەوەی پرسی موسڵی خستەسەر مێز و کەمکردنی نەتەوەکانی ناچارکرد، لەکۆبینەوە لەناوچە کوردییەکان بکەن، (دووەم مەرجی مادەی سێیەمی پەیماننامەی لۆزان)، ئاماژە بەوە کراوە، ئەم ناوچەیە دەبێت بخرێتە ژێر چاودێری نەتەوە زۆر نازیەکان بە ماوەی بیست و پێنج ساڵ، هەروەها پێویستی بەئادەست

کردنی کاروباری ئیداری و دادوەری و پەروەردەیی بە توخمە کوردییەکان دانا، لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی بەزمانێکی فەرمی لەناوچەکە دادەنرێت.
پەیماننامەی لەزان کەلە (24)ی تەممووزی (1923) ئیمزاکرا، بووە هۆی لەدایك بوونی تورکیای نوێ، ئیمزاکەرانی ئەم پەیماننامەیە، واتا: بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ڕۆمانیا، عەرەبستان و تورکیا، چوارچێوەی یاسایی وەاتی تورکیایان داڕشت، هەشتا هەر وەك خۆی ماوەتەوە، بەتایبەت بەشی سێیەمی پەیماننامەکە (ماددەی 37 تا 44) باسی پاراستنی کەمینەکان دەکات و دەڵێت:
"نابێت هیچ چەشنە کێشە و کەسپێك لەلایەن نێتەوەی تورك لەسەر بەکارهێنانی ئازادی هەموو زمانەکانی دیکە، لەووی قسەکردن یان کتێب و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیدا دروست بکرێت، لەپاڵ زمانی فەرمی دەبێ ئاسانکاری پێویست بۆ نێتەوەکانی وەاتی تورکیا کەبەزمانی تورکی قسەناکەن بکرێ، تالەدادگاکاندا بەشێوازی زارەکی، کێك لە زمانی خۆیان وەربگرن (ماددەی 39).
بەهەر حاڵ ئەم خاڵانە تەنیا کەمینە ئایینییە جولەکە و مسیحییەکان لەخۆدەگرن، لەو سەردەمەدا (75) نوێنەری کورد بەنوێنەرایەتی ئەنجومەنی نێتەوەی باڵای تورکیا لەئەنقەرە هەبژێردران، پاشان لەساڵی (1924) قسەکردن و بڵاوکردنەوە بەزمانی کوردی قەدەغەکراو یاسای بنەڕەتی ئەم ساڵە، ئەفسانەی دەستکردی مستەفا کەمالی پەسند و پیرۆزکرد، کەدەیگوت: "تورکیا تەنیا هی تورکەکانە".
بەریتانیا کەبەیاریدابوو، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان و سەرکەوتنی هاوپەیمانان، قەوارەیەکی نوێ لە دەوڵەتی عوسمانی پشوو پەکبخنێت، هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسڕا و موسڵ بەیەکەوە کەبکاتەوە و ناوی بنێت عێراق، تورکەکان بە داواکردنەوەی موسڵ لەساڵی (1918)وە بەردەوام بوون هەتا کۆتایی پەیماننامەی لەزان کاتێك تورکیا بەفەرمی دانی بەوەدا ویلایەتی موسڵ بەشکێ لەعێراق، چیتر بەفەرمی داوای ئەو ناوچانەی سنووری هەرەمی دەوڵەتی نوێی عێراقی نەکردەوە.
کورد له ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتە جیاوازەکاندا بەجێهێڵدرا- ئەتاتورك له تورکیا و هەزا شا له وەاتی فارس و فەیسەڵ له عێراق، هیچ یەك لەو حکومەتانەش لێبوردەیی نەبوو لەگەڵ ئێتنەمیی کوردیی، لە عیراق بۆ ملکەچ پێکردنی فیسەڵ و هاوکارەکانی، ماوەیەك بەریتانییەکان یاریان لەگەڵ بیرکەەی ئیدارەی سەربەخۆی ناوچەکوردییەکان کرد و دەشیانزانی کوردەکان ئارەزوو ناکەن، له ژێردەسەاتی عەرەبدا بن، عیراق له ساڵی (١٩٢٣) دا سەربەخۆیی

وەرگرت و ڕاچاوی هیچ مافێکی بۆ کورد نەکرد، لە تورکیا ئەتاتورك و تورکە نەتەوەپەرستەکان جارێکی تر دووپاتیان کردەوە، کە موسڵمانان هەمویان پێکەوەن، زمانی فەرکردن و حکومەت تورکی بوو، لە ساڵی (١٩٢٣)وە زمانی کوردیی پشتگوێ خرا و دواتریش قەدەغەکرا.
مارگرێت ماکمیلان، دۆکتۆرە: لە ساڵی (١٩٢٧)دا وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ باڵیۆزی بەریتانیای دوپاتکردەوە، کوردەکان هووبەووی هەمان چارەنوسی (هیندییە سوورەکان) دەبنەوە " ئەگەر بیانەوێت بگەڕێنەوە نەتەوەیی، ئەوا تورکیا دەریان دەکات وەك چۆن پێشتر لەگەڵ ئەرمەنییەکان و گریکەکان کردویەتی، ئیدی ئەو بەڵێنانەی لە پاریس و پەیماننامەی سیڤری یەکەمدا هەبوون، بوونە بەشێك لە بیرەوەریی و هیوای کوردەکان.
لەهیچ شوێنکی ئەو پەیماننامەی لۆزاندا نەهاتووە دوای سەدساڵ تورك دەتوانێت خۆنە فراوانخوازیەکانی بدی بێنێت، بۆئەنجام نەگۆیشتنی چارەنووسی نەتەوەیی کوردیش هەمووی پەیوەست بەسیاسەتی بگانەوە نییە، بەڵکو بەشکی گرنگی ئەو بابەتە پەیوەندی بەکورد خۆیەتی، وا دوای سەدساڵ لە پەیمانی لۆزان دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دروست نەبووە، هەشتا کورد لەملمانێ و کێشەی نوخۆدان، هەشتا ئاستی هوشیاری نەتەوەیی کوردهێندە پێنەگەیشتووە، کێشە نوخۆییەکان تێپەڕێنن، هەشتا چارەنووسی کورد نادیارە.

ڕەسوڵ بەسکێنی

پەیمانێکی دیکە بە مەرگی کورد. هاوشێوەی (لۆزان).. شاخەوان سەنگاوی

ئەگەر تەماشایەکی دۆخی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان بکەیت، کە بگومانم ئاوات بە سەروەختی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکانی (سایکس-بیکۆ و سیڤەر و لۆزان) دۆخوازیت. کەواتە دەبێت بپرسین بۆ دەبێت تاکی کوردی لە سەدەیی بیست ویەک دا ئاوات بەدەژگارێک بخوازرێت جگە لە قسەی دیوەخان و ئاغا و کۆخاکان هیچ قسەیەکی دیکە نەبووە؟

کە ئەوانیش دنیا بینیان بە پرسە حکومەانی و سەربەخۆیان تەنها لە سنوری قەەم ەووی خۆیاندا بووە. کەواتە کورد لە پاش سەد ساڵ لە خە ەشنبیرکردن و کرانەوە بە ەووی دنیایی دەرەوەی خۆیاندا، لە هەمان کاتیشدا بوون بەخاوەن ئەم هەموو زانکۆ و ناوەندی توێژینەوە و توێژەری سیاسی و پارتی سیاسی و کەسایەتی سەرکردە و سەربازی و سەرچاوەی ئابووری زۆر و زەوەندە، کەچی لە گەە ئەوەشدا نەیتوانیووە تەوقی بیرو و ەوئیایی ئاغایەتی و کۆخایەتی خە گرایەتی بە پەسەی سەربەخۆیی و حکومەانی تەپەنەت بەکو بەهەمان ئەو ئەقلیەتەوە کاردەکات لە نەو ێزەکانی ەکخراوەکەی، پارتەکەی، دەزگاکانی دەەتداریدا.
کەواتە بۆیە ئەوە دەبینین لە پاش سەد ساڵ لە هەموو ەووکانەوە کورد لە ژمارەدا لە پێشکەوتندایە بەەام لەووی ناوەەکەوە لە پاشکشەکی بەردەوام دایە بەتایبەتی تر ەووە سیاسیەکەی هەرچەندە لە ئێستادا خاوەنی سەدا پارت و ەکخراوی سیاسین، بەەام لە گەە ئەوەشدا ناکۆکی و ناتەبایەکانمان لە ترپکی خە خەری دایە، چونکە کورد بە درێژایی مێژوو خاوەنی ژمارەیەکی زۆر سەرکردە بووە کە دەتوانین سەدان ناو بەدوایی یەکدا ەێز بکەین، بەەام هیچ یەک لەمانە نە لە ەابردوو نە لە ئێستادا نەیان توانیوە چوار چێوەی بیرو و ەوئیایی ئاغای خە گرایەتی و سەرکردایەتی تەپەەنن و وەکو ەابەر شان بەشانی نەتەوەی کورد هەنگاو بنێن بە بنیاتنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی.
کەواتە ٢٤ تەموزی ٢٠٢٣ ساڵ ەەژی ئیمزا کردنی پەیماناەەی (لۆزان)ە کە لە شاری لۆزانی سویسرا پەیمانێکی تر لە نێوان دەوەەتانی وەکو (بەریتانیا و فەرەنسا و ژاپۆن و یۆنان و ەەمانیا و سەربیا و سلۆنیا و تورکیا) ئیمزا کرا بە ناسینی دەوەەتی نوێی تورکیا لە هەمان کاتیشدا پەداچوونەوێک بوو بە هەە وشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەردا، کە پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠ ئابی ١٩٢٠ لە نێوان دەوەەتانی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ژاپۆن و ئەرمەنستان و بەلجیکا و یۆنان و پەەندا و پورتوگال و ەەمانیا و سەربیا و سلۆانیا چیکۆسلۆڤاکیا و تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- وەک چاودێر) مۆر کرا کە (شەریف پاشا) وەکو نوێنەری کورد ەەگایی پەدرا بەشداری ئەم پەیماننامەیە بکات، ئەم پەیماننامەیە وەکو چارەسەر بۆ کێشەی ووڵاتانی ژێر هەیمەنەی خۆلافەتی عوسمانی کە دەەای دوای جەنگ بوو کە لە لایەن بەرەی هاوپەیمانانە داگیریان کردبوو بەسترا، چونکە لە پەیماننامەی سیڤەردا نەک تەنها مافی کورد بەکو مافی کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکەشی دەستبەر کردبوو، وە بە کوردیش مادەکانی (٦٢-٦٣-٦٤)

سەرجەم مافەکانی کوردی تێدا جێگیرکرابوو تا ئادەی سەربەخۆیش لە کەی (٤٢٢) مادەکەی پەیماننامەی سیڤەر، چونکە پەیماننامەی سیڤەر یەکەک بوو لەو پەیماننامانەی کە بەزەر لە سەروەختی خۆیدا بنوێنەرانی تورکیا واژۆ کرابوو ئەویش بەرئەنجامی دەستانی بوو لە جەنگدا هەربۆیە دەبینین ئابڕانی کەمالیستەکان هەتا ئێستاش ئەمەشمان هێندە بیر لە دەستانی لایەنی جەستەسیاسیەکەی دەکەنەوە نیو هێندە بیر لە دەستانی جەستەربازیەکەی ناکەنەوە. بۆیە دەبینین تورکەکان وەکو کوردەکان کە بەاوەی دوای جەنگ بوون و سیڤەر لە بەرژەوەندیان بوو دەستیان نەخستە ژێر سەریان وچانیان نەدا تاوەژگارەک تورکیایان کردەوە بە تورکیا بە سەرکردایەتی کەمال ئەتاتورک، بەسیاسەتی کەمالیستانەی دەوڵەت تورکیا توانیان دەوڵەتانی ئێندام لە پەیماننامەی سیڤەریان ناچار بکەن کە دووبارە پەیماننامەیەکی دیکە واژۆ بکەنەوە لە ژێر ناوی پەیماننامەی (لەزان) بە نوێنەرایەتی (عیصمەت ئینونو)ی سەرەک وەزیرانی تورکیا وەکو نوێنەری تورکیا (لەرد کرزن) سیاسەتمەداری ئینگلیز وەکو نوێنەری بەریتانیا لە سەر بابەتی ویلایەتی موصل کەوتنە گفتوگۆیەکی درێژخایەن کە سەر ئەنجام پەیماننامەی (لەزان) لە ٢٤تەموزی ١٩٢٣ ئیمزا کرا کە لەم پەیماننامەیدا بەوشێوەکیش باسی مافەکانی کوردی تێدا نەبوو لە هەمان کاتیشدا دەسەات دەدات بە دەوڵەتی تورکیا دوای سەد ساڵ ئەو زەویانە وەربگرێتەوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، وەکو ویلایەتی موصل کە هەرەمی کوردستانی ئێستا لەو چوارچێوەدایە.

Shaxewan.saed@gmail.com
شاخەوان سەنگاوی

هەشتا ژیان هەناسە دەدات..
سەران ساڵح

کەوتوومەتە چاڵکەوە
بیرکردنەوەم لە ون بووە
بەرەو ڕەگایەک دەڕەم

ھەگایەکی نادیار
ئاراستەکان وەک ئەوەی
ئاراستە کرابن
ھەزی قاچەکانم لادەکەشن
زەوی وەک من دەنگی نووساوە
بەرگەی ئازاری قاچەکانی ناگرێ

کەلانەک بووم بەسەر پشتی شارەوە

گەڕەکان کەڕاژانەک وەک پشیلەیەکی لەزان
شارەزای ھەموو کوچە و
قوژبنەکی بووم، نامناسنەوە
دیوارەکان گوڕە بوونە و
ئاشنا بوونە بە بەرزبوون
دەرگاکان بەفڕەی کۆنە بوون
ناسنامەی جوانیان لەسەندرایتەوە
منداڵەک دەگری
منداڵەکی تریش دەگری
ھەموویان دەگرین
بە ئەوە نا کەیاری ناکەن
بە ئەوە دەگرین
یەکەک پەی وتوون
ڕاژەک ئەوەش گوڕە دەبن!

لەگەڵ زەوی
ساردییەك کەوتتە نەوانمان
ئەوە پەی بڕن: درز
لەپاڵ دیوارەکی بەرزدا
بیر لە کەوتنی خەم دەکەمەوە
دەستەك بەو وشانەوە دەگرم
کە توانای ھەگرتنی بڕنی قوسیان ھەیە

ڕاژ لە دوای ڕاژ شپرزە دەبم
وەک شپرزە بوونی
مەروولەیەك بە دوای دنکە گەنمەکدا
ھەزی کەبوونەوەم نییە
ماڵەکەم کە ژوورەکی بچووکە
توانای گلدانەوەی ئەو ھەموو

ئازاڕی نییە
هەوا نامێنێ بۆ سیسکانمەوە
دەستم
لە تاو دەستک، بەناز کەوتووە
ئاوێنەکان دیوکی تری گڕانین
ئاوێنەکان هەستیان هەیە
دڵیان نایەت
بیرەوەرییەکان بشوێنن

ئارەزووی ئەو ڕۆگایانە ناکەم
کەپیەکان ون دەکەن
ڕقم لەو ڕووناکیانەیە
کەفریو دەرن و
تاریکیمان لەلا ناشرین دەکەن
مرۆڤ دەبێت
ڕۆگای جیاوازی هەبێت
ڕۆگایەک پەبێت لە چیڕۆکی جوان
لە ڕۆیشتنی جوان
تەزەکیش لە گەڕانەوەی جوان!

من لە ڕۆژهەڵات دەژیم
دڵم بۆ هەر شتێک خۆشبێت
ون دەبێت
لەگەڵ ئەمشدا
بەیانیان کە لەخەو هەڵدەستم
دەبینم کەدایکم سفرەکە ئامادە دەکات
دەزانم کێژیان
هێشتا هەناسە دەدات.

سەران ساڵح

شیعر/ ئاوارانە -٤٣.. سەردار جاف

کوا ئاوارانی
لە زمانی هەناسەی من تادەگەی
تووڕە بوونت دەریایەکو
لەی قورتار نابم
کە سەراولێژ ئەغر بوونم
ئاو دەمانێیش
دەخولەمەوە کە تەنهایی و وە و کاسی دەمگرێت و
هەر پاشگەزی بەیار نابم
ئەم ئاوارە
لە کانی تەنگەکەی ئیشقا
گژوگیاوکە
لە سەربانکەی ماڵی باوانەوە
بە پێ دەشتە سەرابییەکە بەرەوێ
بن هەر دارە
مەرانە ساباتی خەی لەخستووە و
هەدی هەدی
جەستەم دەخوا
بە نەمانم نیگای بەلای تەرزە و کەوێ
ئەم ئاوارە لە جەژنە شاختەیەکدا
سەوزە داراکان بە لادا دەهاتن
گوڵەکان دەپوکانەوە
تارماییەکان دەوەزمەی بەینەوەی هەناسەی من و تە بوون
بە سەر باڵی رچین دەچوون
پەنجەی پەنهان
لە ئاسمانی تەنهاییدا
بە سەر ڕەحم لەرانەوە
گەپ کزکز ...جراکان فوو لەکراون
دەنگە سرتە و چرپەکانیش
کپ کپ ڕووە و ئاوابوون چوون
یادەکانمان
بوونە کۆلەرەی مناڵان
ئاسمانی گەک

شکەتی و مەرگ و فەنابوون
چما ئەم تانهایيە ئەغر دەکا
زریان و تەفان روو دەدا
چاو لە توانەوەی خەم و باڵابوونی شەهلا دەکەم
بە نەو سیوانەکانی پەچاوپەچی خەر
رەژانە شەبەنگیم
دەبەتە پەشمەک و بە دەست منالانی چەتوونەوە
پیس و لەخن و بەر
چ جەژنەکە
هەندە ساردە لە قوربانی من دەچە
ئیدی ژوان دەتوتەوە و
بەرەو نەمانی ژن دەچە
پە دەچە ئەسکیمە بم و نەمزانی بە
دەبە شەوارەی شەوسەی
زنەي زەنوەرستانی بە
من هەر دەبە وەی وە بم
تەنهایی دوا کاروانمە و
جە مەنزە و فریاد رەسم
ئەوە نییە ئازیزەکەم
خەشم دەوەی خەشویسترین کەسم

٢٠٢٣ / ٧ / ٤